
پەیامی قیبلە




# گفوگۆی پشت حەج و عەمرە

## پەیامی هاوکاری

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ژمارە

٣٢

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

**ناوی کتێب: گفتوگۆی پشت حەج و عەمرە.**

**نوسەر: د عومەر عەلی**

**دیزانی ناوەوە: عبدالله خاکی**

**دیزاینی بەرگ: توانا ئەحمەد**

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**نرخ:**

**ژمارە (   )ی ساڵی (   )ی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە**




## پێش خوێندنەوە

خوای گەورە کە مرۆڤی دروستکردوە بەرپرسیاریەتی خستوەتە ئەستۆی، بەرپرسیاریەتیەکان وەك تەكلیفە شەرعیەکان بە گوێرەی توانایە، بۆ نمونە حەج واجبە لەسەر گشت مسوڵمانێکی بالغ ئەگەر بتوانێت،

کەسێکی تر کە مسوڵمانە بەڵام ناتوانێت بچێت تەکلیفەکەی لەسەر هەڵگیراوە، کەسێك خوای گەورە پارەی پێداوە زەکاتی دەکەوێت، کەسێکی تر هەر مسوڵمانە بەڵام پارەی نی یە زەکات نادات، بە نەکردنی حەج یان نەدانی زەکات بۆ ئەم بابای مسوڵمانە لە ئیسلامەتیەکی کەم ناکات، واقعیەتی ئیسلامیش لەوەدایە بە گوێرەی توانا تەکلیفەکان دابەشکراوە، کەسێکیش توانای زۆری هەیە لە بواری جیاجیادا بەرپرسیاریەتیەکەی قورسترە، نمونەی حەج یان زەکات وەك هەوێنە لە ژیانی مرۆڤی مسوڵماندا، یانی دەکرێت کەسێك نەك جارێك حەج بتوانێت و بۆشی گونجاو بێت هەمو ساڵێك حەج بکات، یان دەیان وڵات بگەڕێت، لەم گەڕانەدا یان توانای گەڕانەدا دەبێت بەرپرسیاریەتی خۆی لەیاد نەکات، کە دەکرێت زۆر کاری گەورەی تێدا بکات، وەك چۆن لە حەجدا بەو ماوە کەمە دەبێتە مایەی خێرێکی گەورە، سەفەرەکانی تریش دەرفەت بۆ دەستکەوتنی خێری گەورە، ئیتر بەو شێوەیە، نابێت مرۆڤی مسوڵمان هەردەم لە خەمی تاکی خۆیدا بێت، خەمهەڵگرتنی کۆمەڵگە گرنگی ئێجگاری

پێدراوە لە شەریعەتی ئیسلامیدا، بەڵکو ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە دەبێت بۆ بەرانبەریش پێت خۆش بێت و پێچەوانەکەی ناتەواوی ئیمانە، لەپاڵ هەرکارێکی شەرعیدا دەکرێت کاری تریشی لەگەڵدا ئەنجام بدرێت و شەرعیش دژی ئەوە نی یە، مادام لە چوارچێوەی شەرع دەرنەچێت، بۆ نمونە کەسێك حەج دەکات لەگەڵ ئەوەدا دوای حەجەکەش شتومەکێك بکڕێت بۆ قازانج و بژێوی لە خێری حەجەکەی کەم ناکات، مادام نیەتەکەی بۆ خوا بوە حەجەکە یان عەمرەکە.

سەفەری حەج یان عەمرە پەیامی گەورەی تێدایە، ئەو هەمو خەڵکە لە تەواوی دونیاوە لە یەك جێگەدا کۆدەبنەوەو ئاشنای یەك دەبن، دەکرێت زیاتر برەو بەو ئاشنایەتیەو تێکەڵیە بدرێت و سودی هاوبەشی تێدا بگۆڕدرێتەوە، بەندە بە دەرفەتم زانی چون سەفەرەکە بۆ حەج یان عەمرە بوەو هەردوکی کارو توێشوی قیامەتیە، پێم باش بو قوڵبونەوەیەکی تێدابێت لە گەشتن و تێگەشتنی ئەو شەرعە پاکەی کە بە ئێمە گەشتوە بە

کەسانی تریش بگات. ئێوەو بەرچاو ڕونیەك و گفتوگۆکان بۆ پەرەپێدان.

## پێش گفتوگۆ

حەجکردن ڕوکنێکە لە ڕوکنەکانی ئیسلام، پێویستە لەسەر هەمومان جارێك لە ژیاندا حەج بکەین گەر لە توانامانداهەبو، وەك خوای گەورە دەفەرموێت **(وَلِلَّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا) [آل عمران:97]**

عەمرەش فەرمودەی زۆری لەسەرهاتوە، بۆیە کوردانی خۆمان زیاتر حەجی تەمەتوع دەکەن، کە لەیەك کاتدا هەم حەج و هەمیش عەمرە دەکەن، بۆ ئەوەی لە یەك سەفەردا هەم فەرزەکە بەجێ بهێنرێت، هەمیش خەیری عەمرە بەدەست بکەوێت.

لە ئەم ڕۆژگارەدا زۆر باسی حەج و عەمرە دەوروژێنرێت و ئەهمیەتی کەم دەکرێتەوە لە دڵی خەڵکدا، بیانوی جۆر بەجۆری بۆ دەدۆزرێتەوە، لە بنەڕەتدا فکری ئیلحادیە، بەڵام بەرگی قەومی بەبەردا دەکرێت جارێك و جارێك خەمخۆری هەژاری

دەخرێتە پاڵ، تا کۆتا جار ڕاپۆرتێك کە وای نیشان دەدات ئەو گەشتە گەشتێکی زیاتر خۆشی بێت تا ڕۆحی.

هەمو ئەوانە ناتوانن ببنە ڕێگر لە بەردەم حەج و عەمرەدا، ئەو گەشتەش گەشتێکی ڕۆحیە لە ڕاستیدا، لەگەڵ ئەوەشدا چ لەوە خۆشترە کە تۆ ڕۆحت ئاسودە بو دەکرێت لەو ڕوانگەوە بەخۆشیش وەسف بکرێت، بەڵام گەر بێت و جانبە ڕۆحیەکەی لێ دابڕنین ئەوسا خەڵك بێگومان ناچێت بۆ ئەوێ، دەچێت بۆ ئەستەنبوڵ کە ئاو و هەوای خۆشترەو مەسرەفی کەمترو ناوهاتنەوەشی ناوێت، ئەوساش ئەوانەی بەناوی خەمی هەژاران و دژی عروبەوە قسە دەکەن، ناڵێن مەڕۆ بۆ تورکیا! یان ئەو پارەی لە گەشتی تورکیاو ئێراندا سەرفی دەکەیت بیدە بە هەژار، تا ئێستە بە ژمارە ٢٠٦ سەفەری وڵاتانی جیهانم کردوە، لەو ٢٠٦ جارە ٢ جاری بۆ سعودیە بوە، جارێك بۆ حەج و جارێک بۆ عەمرە، زۆرکەس پرسیویانە بۆ ڕۆشتویت بۆ حەج یان عەمرەو پارەکەت بدایە بە هەژار، ٢٠٤ سەفەر

جێگەی پرسیار نی یە! ٢ سەفەر جێگەی پرسیارە! ئەمانەش لە ڕاستیدا تایبەتمەندیە حەق نی یە بکرێتە جێگەی پرسیار، چون گەر وەکو ئازادی تاکیش سەیری بکەین، دەکرێت لە ژیانماندا دەیان جار بچین بۆ سعودیەش هەروەك سەفەر، وەك هەر چۆن دەچین بۆ وڵاتانی تر.

تا ئێستە بیستوتانە کەسێك بچێت بۆ دوبەی و پێی بڵێن مەڕۆو پارەکە بدە بە هەژار؟! ئێ خۆ ئەوێش وڵاتی عەرەبیە، بێگومان هوتێڵ و مەسرەفیشی زۆر گرانە، مەسولەکان بەردەوام بە ڕێگەی لوبنانەوەن، کەسێك پێی وتون ئەرە کاکە چ دەکەن لە لوبنان! ئەو پارەی دەیدەن بە ......طوط..... بیدەن بە هەژار!

لە کۆی ٤ مەزهەب ٣ لە مەزهەبەکان دەفەرمون حەجکردن واجبە دەستبەجێ، هەرکە توانیت بڕۆیت نابێت دوای بخەیت! وەك چۆن کە مرۆڤ باڵغ بو دەبێت نوێژ بکات، هەرکات بانگ دەدات دەبێت نوێژی خۆی بکات، خۆ نابێت نوێژی ڕۆژێك بخاتە ڕۆژێکی تر، کاتی دیاری کراوی خۆی هەیە، خۆ نابێت ئێستە

کە ڕەمەزانە ڕۆژو نەگرین و دوای ڕەمەزان بە نیەتی ڕەمەزان بە ڕۆژو بین، مەگەر عوزر هەبێت، ئایەتەکەش خۆی عوزرەکەی دەستنیشانکردوە، ئەگەر کەسێك ئاسان بو بۆی سەفەرەکە، واتە گەر نەیتوانی ئەوە خۆ هیچ بەڵام کە توانی نابێت دوای بخات.

پارەی چ وڵاتێکی عەرەبی وەیان کوردستانی خۆمان لە دەستێکی ئەمیندایە؟! کوا بەیتول مال هەیەو پارەکە بە عەدالەت تەوزیع بکرێت تا ئەوەندە لە خەمی ئەوەدا بیت ئەو پارەی کە بۆ مەسرەفی خۆمان دەیکەن لێکی بدەینەوە!

لە کوردستاندا وەك باج خرایە سەر عەمرەکاران بەناوی یارمەتی پێشمەرگە! هەر عەمرە کارێك ١٠٠ دۆلاری لێ وەردەگیرێت، کوا؟ ئەو پارە چی بەسەرهات! ڕۆژێك لە ڕۆژان ئامارێکتان بینی بڵێن ئەوەندە پارە لە عەمرەکاران کۆکرایەوەو درا بە پێشمەرگە! بێگومان نەخێر، بە بڕوای من ئەو ١٠٠

دۆلارە زوڵمێکی زۆر گەورەیەو لە عەمرەکاران دەکرێت!

تا قیامەتیش کەس ناتوانیت پرۆژەی حەج و عەمرە بوەستێنێت و هەردەم بە قەرەباڵغی دەمێنیتەوە، تا زیاتر سود لە تەکنەلۆژیاش وەرگیرێت بۆ فراوانکردنی سنوری مەککە، موزدەلیفە، مینا، جەبەل ڕەحمە، حەجکاران زۆرتر دەبن و هەردەم دەبێت سنوردابنرێت بۆ حەج، گەرنا ساڵانە لە بری ٣ بۆ ٤ ملیۆن دەیان ملیۆن دەچن بۆ حەج.

ئەوەشی کە ژنی نەهێناوەو تواناى حەجکردنی هەیە دەبێت هەر بچێت، هەتا ژن هێنانیش بیانو نی یە بۆ دواخستنی حەج، مەگەر لە حاڵێکدا کەسەکە ترسی کەوتنە تاوانی هەبێت، چون حەجکردن واجبە، بەڵام ژن هێنان موباحە.

دەکرێت هەر ژن نەهێنێت، گوناحباریش نابیت، بەڵام گەر حەج نەکەیت وە توانات هەبو، ئەوا قەرزار دەبیت.

ئەمانە فرسەتە زۆرجار لە دەست دەچێت، بۆیە زانایان دەڵێن واجبە دەستبەجی، هەرکە توانیت بڕۆیت دەبێت بڕۆیت، بۆ نمونە من خۆم کە حەجم کرد ژنم نەبو، بۆم گونجاو رۆشتم، لەوەتەی ژنم هێناوە بۆم نەگونجاوەتەوە جارێکی تر، گەر ئەوکاتە ژن هێنانم بکردایە بە بیانوی ئەوسا چ!

لە رۆشتنم بۆ حەج و عەمرە، بە تایبەت لە عەمرەکەدا دەیان زانای گەورەو ناودارم دی، میواندارى گەرم و گوڕیان لێکردم، هەر لە زانکۆی ئوم القری لە مەکە، هەر لە زاناکانی مەککەو مەدینەو جدە تا دەگاتە پایتەختی وڵاتەکە ریاز رۆشتم، زۆر باسی گرنگ لەو سەفەرانەدا تاوتوێمکرد، ئەوەی کە گرنگ و بە پێویستی بزانم دەیانخەمە ڕو، وەك چۆن لە یاداشتەکانمدا هاتوە بە شێوەی گفتو گۆ.

**دەروازە**

د عەلی شەریعەتی دەڵێت: کاتێك شیعەکان لە حەج دەگەڕێنەوە باسی نارەحەتی و ئەزیەتی ئەنجامدانی حەج دەکەن، بەڵام کاتێك لە کەربەلا دەگەڕێنەوە باسی لایەنی ڕۆحی دەکەن.

کوردی خۆشمان بە گشتی چون دەرفەتی سەفەر نەبوەو ئەزمونی سەفەرمان نی یە، وا دەزانین ئیتر سەفەر ئاو خواردنەوەیە، بەڵام سەفەرکردن هەر بە گشتی ئەزیەتە، لە فەرمودەیەکداهاتوە **(السفر قطعة من العذاب)** واتە سەفەر بەشێکە لە عەزاب، چون سستمی خەو و خواردن دەگۆڕێت، جێگۆڕکێ دەکرێت، هەیە چون ئەوەندە سەفەری نەکردوە لە ماڵی خۆیداو سەرینەکەی خۆی نەبێت خەوی لێ ناکەوێت، ساڵی پار ٣ کەس سەفەری تورکیامان ڕێکخست لەوێشوە بۆ کوردستان، ئەوکاتە بو کە مەتاری کوردستان داخرابو بەهۆی ڕیفراندۆمەکەوە، یەکێ لەو برادەرانەم لەگەڵ

ئەوەش لە هۆتێلێکی خۆشیشدا بوین هەتا بەیانی خەوی لێ نەدەکەوت!

مەبەست لەمانە تێگەشتنە لە سروشتی سەفەرو جێگۆڕکێ، دینی ئیسلامیش دینێکی واقعیە، لەمڕۆدا خەڵکی ئەوەندە لە دونیای خەیاڵدا دەژی توشی شۆك دەبێت، وا دەزانێت کە کارێك بۆ خوا کردت ئیتر دەبێت موعجیزەی لەگەڵدا بێت! هەرئەوەندە سەفەری حەج بکات دەیەوێت ئارەق نەکات، باشترین خواردن وەك سفرەکە کە لە ئاسمانەوە دابەزی (المائدة) بەردەوام حازر بێت بۆی!

دەبێت لەوە تێبگەین حەجکردن تاقیکردنەوەیە، تاقیکردنەوەی هەم مالی و هەمیش جەستەیی، تاقیکردنەوەکانی خوای گەورە جۆربەجۆرە، بۆ نمونە نوێژو رۆژو تەنها بەدەنیە، زەکات تەنها تاقیکردنەوەی ماڵە، بەڵام حەج هەردوکی پێکەوەیە، پارەش دەدەیت و ئەزیەتیشت دەبێت.

چەندین جار تکتی تەیارەم فەوتاوە، چاوەڕوانی زۆرم کردوە لە مەتاردا، جار هەبوە تەیارەکە بەجێی هێشتوم،

تکتی تەیارەم گۆڕاوە بۆ ١٧ رۆژ دوای وادەی سەفەر، هیچیش لەوانە هی کاتی حەج نەبوە، خۆشبەختانە هەمو هێڵەکانی فڕۆکەوانی چون ئەوان واقعین و لە دۆخی حەج بە تایبەتی تێدەگەن، دەبینی لە مەتاری جدە یان مەدینە زۆرجار حاجیەکان تەئخیریش دەبن لە وادەی خۆیان تەیارە هەرچاوەڕوانی دەکات، لە کاتێکدا وەك قانون دەتوانێت چاوەڕوانی نەکات، چون ئەوە کێشەی ئەو نی یە مادام وادەکەی دیاری کراوە، کە رۆشتم بۆ حەج هێشتا جنسیەی بەریتانیم نەبو، بە هێڵی قوبروسی ڕۆشتین بۆ حەج لەمسەرەوە کە ڕۆشتینە قوبروس بۆمان نەبو بڕۆینە دەرەوە، چون فیزەی قوبروسمان نەبو، بەڵام لەوسەرەوە کە گەڕاینەوە چون لە جدە دواکەوتین تەیارەکەی قوبروس بۆ لەندەن بەجێی هێشتبوین، ناچار ئەوان باشترین هوتێل و خواردنیان پێداین، بردینیانە دەرەوەش و پیاسەی قوبروسیشمان لێ کرد، لە کاتێکدا فیزەشمان نەبو! یانی تۆ سەیر هێڵە ئاسمانیە جیهانیە نا ئیسلامیەکانیش موراعاتی دۆخی حەج دەکەن، بەڵام زۆرکەس هەیە لە حەج دێتەوە هەر ئەوە نی یە هەزار کفر بکات!

ڕێك وەك شیعەكان هەیە كە هاتەوە باسی مەشەقەی حەج دەكات، زۆریشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بە پیری حەج دەكەین، ئەسڵ ئەوەیە بە گەنجی بیكەین نەك پیری، تۆ كە گەنجی گوڕت تیایە، ئەزیەت چی یە، من كە ڕۆشتم بۆ حەج هەر گەمەم بە پاس و تەكسی لێ دەهات، چێژم وەردەگرت كە لە جەبەل ڕەحمەوە بە پێ دەرۆشتم بۆ موزدەلیفە، كە ڕۆژ بویەوەو لە موزدەلیفەوە بۆ میناو رەجمی شەیتان كە رۆشتین بەرەبەیانی جەژی قوربان، ئێستە كە ئەم دێڕە دەنوسم و دەگەڕێمەوە بۆ ئەوكاتە تەزین بە جەستەمدا دێت!

پیرێكیش خسویانەتە ناو عەرەبانەیەك و خەوی لێ كەوتوە! ئاخر توخوا ئەوە كەی حەجە! بۆیە تا بۆتان دەكرێت بە گەنجی بڕۆن بۆ حەج، بۆ عەمرە، ئەسڵەن ئەوەندە فیتامینی ئیمانی لێ وەردەگریت تا مردن بەشت بكات، پۆلی یەكی جامیعە بوم كە رۆشتم بۆ حەج لە كارگەیەكدا كارم دەكرد بە تەنها نوێژم دەكرد، زۆر بەزەیم بە خۆمدا دەهاتەوە كاتی نوێژەكان كارتۆنێكم پەیدا دەكردو لە سوچێكدا نوێژەكەم دەكرد، كە ڕۆشتم بۆ حەج و بینیم بە ملیۆن خەڵك هاوار دەكات **(لبیك**

**اللهم لبيك لبيك لا شريك لك لبيك ان الحمد والنعمة لك والملك لاشريك لك)** ئا لەو کاتەدا لە ناخەوە هەست بە مرۆڤ بونی خۆت دەکەیت، هەست دەکەیت مومارەسەی کارێکی زۆر دروست دەکەیت، ڕۆحیەن وا ئاوت دەدات تا مردن مەفعولی ئەو ئاوە بمێنێت.

کەسێکیش ڕۆشت بۆ حەج نە وەحی بۆ دادەبەزێت، نە دەبێتە فریشتەش کە گەڕایەوە، زۆر زۆر ئاساییە تاوانیش بکات، نابێت ئەوانە بکرێتە ڕێگر لەبەردەم حەجدا، حەجیش هەروەك چۆن نوێژ فەرزەو کەسی نوێژ خوێن تاوان دەکات، حەجیش بە هەمان شێوە، تەنها ئەوەندەیە کەسێك حەجی کرد مەلەفەکەی سپی دەبێتەوە لای خوای گەورە، باشترە وریا بێت و مەلەفەکەی ڕەش نەکاتەوە، دواخستنی حەج یان بۆ کاتی پیری، وە زۆرجار کەسەکە دەمرێت و فرسەتەکەی لەدەست دەچیت زۆر خراپە، بە گەنجی حەج بکەو فەرزەکە بەجێ بهێنە، هەزار تاوانی گەورەش بکەیت کاریگەری لەسەر حەجەکەت نابێت.

سەرەتای گفتوگۆکان لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆو زاناکانی سعودیە بەم شێوەیە دەستی پێکرد. لێرەدا جێگەی خۆیەتی وەك تێبینی لەسەر وشەی شێخ، لەناو عەرەبەکاندا شێخ واتە زانا، وەك چۆن خۆمان وشەی مەلا بەکار دەهێنین، کە وتمان مەلا مەبەستمان پێی کەسێکی زانایە لەبواری دینیدا، ئەو شێخە جیایە لەو شێخانەی خۆمان کە وەك گروپ هەن.

بۆیە ئەوانیش زیاتر هەر شێخەکە لەسەر زوبانیان سوکەو وە جوانیشە بۆیە بەکاری دەهێنن، نەك وەك لای خۆمان ئێستە ناوی مەلایان ناشرین کردوە، بە جۆرێك مەلاش پێی خۆش نی یە بە مەلا بانگی بکەیت، بۆیە ئێستە وشەی ڕێز بۆ مەلا بوە بە مامۆستا، یان هەردوکی پێکەوە.

عومەر عەلی: سڵاوتان لێ بێت شێخ.

شێخ: ئەو شێوە سڵاوکردنە سڵاوی کەسانی عەوامە، بە سەلامی ئیسلام سەلام بکەو بڵێ السلام علیکم.

عومەر عەلی: بمبورە تۆ ڕاست دەکەیت، ئەسڵ ئەوەیە لە وڵاتی ئیسلامیدا بە سەلامی ئیسلام سەلام لەیەکتر بکەین، من چون لە وڵاتیکی نا ئیسلامیەوە هاتوم و ڕۆژانە لەگەڵ کەسانی نا مسوڵماندا تەعامول دەکەم دەمم لەسەر ئەم سڵاوانە ڕاهاتوە، بۆیە ئێستە دەڵێم: السلام عليكم.

شێخ: بارك الله، وعليكم السلام ورحمة الله وبركاته.

عومەر عەلی: دەمەوێت یارمەتیمان بدەیت و ساڵانە چەند کورسیەکمان بۆ دابین بکەن بۆ خوێندنی زانستە شەرعیەکان، لە ئەوروپاوە کەسمان زۆرە، زمان زان و زیرەك و دڵسۆز بەڵام لە بواری علومی شەرعیدا لاوازن، جا دەمانەوێت بێن بۆ ئێرە بۆ خوێندن و دواتر بگەڕێنەوە بۆ ئەوروپاو کاری دەعوەو بانگەواز بکەن.

شێخ: ئێوە سەر بە چ تەیارێکن، خۆت دەزانیت ئیخوانەکان کێشەن و حیزبایەتی لە ئیسلامدا نی یە!

عومەر عەلی: من پرۆژەی دەعەویم پێ یە، کێشەی ئێمە لە ئەوروپا نە ئیخوانە نە سەلەفی، لەوێ ئێمە کێشەی ئیمانی و ئەخلاقیمان هەیە، کەسێك مسوڵمان دەبێت خۆ ئێمە ناڕۆین باسی ئیخوان و سەلەفی بۆ

بکەین، بۆ ئەمەتان کردوەتە عوقدەی نەفسی و بەم نەفەسەوە لە هەمو جێگەیەك کار دەکەن.

شێخ: خۆ تۆ ئیخوان نیت؟

عومەر عەلی: بۆ یەکسەر دادەبەزن بۆ ئاستی شەخسی، گریمان من ئیخوانم داواکەم ناشەرعیە؟ ئەوە پرۆژەی منە فەرموی سەیری بکە؟

شێخ: ماشاء الله دیارە ئێجگار زۆر چالاکن بەڵام تۆ شیعەیت؟ چون لە وێنەی وتارەکاندا عەمامەی ڕەشت بەسەرەوەیە!

عومەر عەلی: کەمێك پێش ئێستە ئیخوان بوم چ زو بوم بە شیعە، من ناوم عومەرە دەبو هەر بەناوەکەمدا ئەو پرسیارەت نەکردایە! ئەوە عەمامەی ڕەش نی یە، لای ئێمە پێی دەوترێت جامانە، ئێوە چۆن ئەم شماخە سورە بەکار دەهێنن، ئێمەش ئەم جامانە ڕەشە. (خەریك بو بڵێم ئەی تۆ پارتیت هههه)

شێخ: بەڵێ ئێوە ئەحفادی سەلاح الدین ن خۆشمان دەوێن.

عومەر عەلی: ئێمەش ئێوەمان خۆش دەوێت، کە بەم شێوە دەماننناسن حەز دەکەم هەڵوێستتان بزانم لەسەر

ئەو قات و قڕیانەی بەسەر نەوەکانی ئەحفادی سەلاح الدین هاتوە بەناوی ئەنفال ئێوە هەڵوێستتان چی بو؟

شێخ: ئێمە زۆر بێ ئاگابوین تا سەدام لە کۆیتی دا، ئەوسا بە ئاگا هاتینەوەو هەڵوێستمان زۆر توند بو لەسەر سەدام و قات و قڕیەکانی کوردیش، ئیشی زۆرمان لەسەری کرد، بە هەمو شوێنێکدا بڵاومان کردەوە، هەتا ئێستە بەڵگەکان لە مەکتەبەکاندا هەیە.

عومەر عەلی: گەر ئەو هەڵوێستە زوتربوایە لای ئێمە باشتر دەبو، من فەتواکەی شێخ بن بازم خوێندوەتەوە لەسەر کافرێتی سەدام و چواندنی بە مونافیقەکان، کە داوای کردوە تا تەبەرای بەعسی بونی خۆی بە عەلەنی نەکات حسابی کافری بۆ دەکرێت، چون سەرۆکێکی عەلمانیە کافرە، بەڵام ئەو فەتوایە لە دوای شەڕی کۆیتەوە بو، خۆزگە بەلانی کەمەوە لە ١٩٨٨ دەبو، لە کاتی کیمابارانی هەڵەبجەدا.

شێخ: ڕاست دەکەیت، وەك وتم ئێمە بێ ئاگابوین، جگە لەوەش ئەوسا ئیعلام وەك ئێستە بەهێز نەبو، من دەتنێرم بۆ لای رەئیس قسم لە بەشی ئوسوڵ الدین قسەی لەگەڵدا بکە.

لەگەڵ ڕەئیس قسم

عومەر عەلی: استاذ گیان تۆ خۆت رەئیسی قسمیت و ئیمامی حەرەمیشیت، من تێبینیم کردوە لەم سعودیەدا لەگەڵ ئەوەی وڵاتێکی ئیسلامیشەو لە هەمولایەکەوە مزگەوت و وتارو چالاکی جۆر بەجۆریش هەیە، هێشتا موئەسەسەی گەورەی دەعەوی تێدایە بۆ کەسە بێگانەکان، بەڵام تۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت ئێمە لە وڵاتی بێگانەدا دەژین، لەبەر ئەوە پێویستی ئێمە ئێجگار زۆرە، ئێوە دەبێت لە ئاستێکی گەورەی خەمخۆریدابن، مەشروعی گەورەی دینی نەکەن بە قوربانی سیراعی نەخوازراو، واقع بین بن.

شێخ: باشترە تۆ پەیوەندی بکەیت بە سەفارەتەوە لە سەفارەت بەشی ملحق الثقافیمان هەیە لەوێوە کارەکانتان ئەنجام بدەن.

عومەر عەلی: من منداڵ نیم، بەم زمانە قسەم لەگەڵدا مەکە، ئەگەر دەتەوێت لە کۆڵی خۆتم بکەیتەوە هەر ئێستە کە ڕۆشتم ئیتر لە ژیانتدا نامبینیتەوە، ئەمە مەشروعێکی دەعەویەو ئەمانەتێکی گەورەیی خواییە،

تۆ شتێکت پێ بکرێت و نەیکەیت بەرپرسی لە قیامەتدا، من وەك خۆم پێویستی هیچم پێتان نی یە.
شێخ: دەتنێرم بۆلای شێخێکی گەورەی خۆمان و لەوێ لە ماڵیان پێکەوە دابنیشن و چاکتر لەیەك تێبگەن، ئەو لە جدەیەو خۆم پەیوەندیەکە ڕێك دەخەم، تۆ بڕۆ بۆ جدە تا پەیوەندیت پێوە دەکەن.
عومەر عەلی: کەوابێت مەشروعی خوێندنەکە هیچ، من کەسێکی سەربەخۆم پەیوەندیم بە ئیخوانەوە کرد ٤ کورسیان پێداوم لە ١٧ زانکۆی جیهان، ساڵانە بخوێنن بەبێ بەرانبەر، هەتا پارەی مەسرەف و داخلیشی دەدەن، دەبینی ئەوان چۆن لە خەمی دەعوەدان.
شێخ: حیزبایەتی حەرامەو ئەوان ئاژاوەگێڕن!
عومەر عەلی: استاذ گیان ئیخوان لە ئەورووپاو ئەمەریکا بە سەدان ڕێکخراویان هەیەو ئیش دەکەن، لە هیچێك لەو وڵاتانە حیزبێکیان نی یە لە حکومەتدا، مەگەر وەك تاك بەشداری حیزبەکانی ئەوێ بن، بەڵام ئیخوانەکان کار دەکەن، لە خەمی پەروەردەو پێگەیاندن و ئەخلاقی خەڵکدان.

شێخ: نا ئەوان خۆت دەزانیت من حەزناکەم زیاتر لەسەریان بڵێم!

عومەر عەلی: بەڵێ ئوستاز گیان من خۆم لە واقعەکەدا دەژیم و چاك دەزانم ئەوان ئیش دەکەن، بەڵام بەداخەوە شێخەکانی ئێرە کە دێن بۆ ئەوێ ئەوان زەمینەی بۆ دەسازێنن و ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرن و ڕێکلامێکی زۆریان بۆ دەکەن و دەست دەگرن بە سنگەوە شێخێکی گەورە لە بیلاد الحرمین ەوە هاتوە، کەچی دەچینە سەر مینبەر لەبری ئەوەی باسی ئیمان و ئەخلاق و واقعی خەڵکەکە بکات، کەچی هەمو جارێك زەجەیەك دەنێینەوەو شتگەلێك دەکەن بە کێشە ئەسڵەن کێشەی ئێمە نی یە!

شێخ: ئێمە زەختمان لەسەرە لە دوای ٢٠٠١/٩/١١ زۆر شت گۆڕاوە.

عومەر عەلی: لە هەمو ئەوانە تێدەگەم، گەر کار بە ڕێك و پێکی و شەفاف بێت چ باکێك هەیە، بەڵام ئێوە کەیسەکان تێکەڵ دەکەن بە نەفەسی سیراعی سعودیەوە لە هەمو شوێنێك کار دەکەن، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئیسلام ئەوەیە ئیسلام دینێکی واقعیە، هەتا زاناکان

فتواکانیان له جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر گۆڕانکاری بەسەرداهاتوە، کەچی ئێوە نازانم بۆ ورد دۆخەکان ناخوێننەوە.

شێخ: لەگەڵ ئەو شێخە جدە قسە بکەن و بگەن بە نەتیجەیەك،ئەو زۆر کاری پێ دەکرێت.

عومەر عەلی: هیوادارم گەورە بیربکەنەوە، السلام علیکم

دوای چەند رۆژ لەگەڵ شێخەکەی جدە

شێخ: یاخوا بەخێربێن نەوەی سەلاحەدین، فەرمون بچنە کتێبخانەکەوە بە ئارەزوی خۆتان کتێب هەڵگرن.

عومەر عەلی: دەزانی تێبینیەکی گەورەم لەسەر ئەم کتێبانە هەیە کە زاناکانی ئێرە بەناوی خۆیانەوە چاپی دەکەن!

شێخ: چ تێبینیەك؟

عومەر عەلی: ئەڵبەت لە بواری تەدویندا دەستخۆشی زۆرم هەیە بۆ زانایان و گرنگی زیاتریان داوە، هەندێك لە کتێبی زاناکانی پێشینمان کە زانایانی سەردەم هاتون شەرحیان کردوە ڕەئی خۆیان کە

پێچەوانەی ڕەئی هەتا خودی ئەو زانایانە بوەو باوەڕیان پێی نەبوە تێیان کردوە، بە کورتی لە پاڵی ناوی ئەو زانایانەدا ڕەئی موخالیفیان تێکەڵ کردوە، بەڵام بە گشتی چون بابەتەکان زانستین و بە بەڵگە کار دەکەن من کێشەم نی یە، تەنها ئەوەندە هەندێك جار رەئی شاز زۆر زەق دەکرێتەوە وەك وابێت ئیجماعی لەسەر بێت.

شێخ: من زیاتر لەبواری کۆمەڵایەتی و دەعوەی گشتیدا کار دەکەم نەك نوسین، تێبینیەکەت جێگەی گرنگیە، هەوڵ بدە نوسراوەکانیشت لێرە بۆ چاپ بکەن، لەگەڵ شێخەکان وا بزانم بێتاقەت ببویت.

عومەر عەلی: بەڵێ زۆریش بێتاقەت بوم نەشمتوانی بیشارمەوە، من کە هەر دانیشتم لەگەڵیان بە هجوم ئەوان دەستیان پێکرد، جگە لەوە هەستم کرد کەم سەیرم دەکەن، مرۆڤ خاوەنی عیزەت و کەرامەتە، نابێت زانا وابێت، منیش لە جێگەی خۆمدا کەسانێك دێن بۆلام و تامەزرۆی بینینمن، کەسێك بێتە لام ئەگەر ئاسودە نەبو خۆم بە تاوانبار دەزانم! لەگەڵ ئەوەدا من مەمنونیانم بەلانی کەمەوە ئێوەیان پێ ناساندنم، من دو

پرۆژەم هەبو دانەیەکیان دەکرا لای ئەوانەوە بێت کە پرۆژەی خوێندن و زەمالەی خوێندن بو بەڵام ئیستجابەیان نەبو.

شێخ: دەچین بۆ نوێژی مەغریب پێکەوە، کۆمەڵێك زانام دەعوەت کردوە بەهۆی ئێوەوە بۆ ئێوارەو لە دارو ئیستراحە گفتوگۆی گەرم دەکەین.

عومەر عەلی: ئەزیەتتان کێشاوە، زۆر گرنگە رەخساندنی گفتوگۆو لێك تێگەشتن، لە ئەمڕۆدا ئێجگار زۆر پێویستە کە بەو ڕۆحیەتەو سنگفراوانیەوە بین لە ئاستی یەکتریدا.

دوای مەغریب و نان خواردن

شێخ: حاڵی ئێوە چۆنە لە غەرب.

عومەر عەلی: لە بەریتانیا وەزعی مسوڵمان زۆر باشە، ئەڵبەت خوا خێری پاکستانیەکان بنوسێت بە پلەی یەك جێگەی دەستیان زۆر دیارەو مزگەوتی زۆریان کردوەتەوەو بون بە سەنتەرو کۆمۆنتی و ئیسڵاح و خەمخۆری گشتی، ئێستە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر بەرەو پێش دەچێت، ئەوروپاش بە گشتی هەر باشە، تەنها چەند وڵاتێك نەبێت ئیعلامیان ڕقی خەڵك دەجوڵێنن

بەرانبەر مسوڵمان، وە ئەمەریکاش دوای ٩/١١ ئەزیەتی مسوڵمانان زیاتر دەدات.

شێخ: باشە ئەوانەی کە ئەزیەتیان دەدەن بۆ لەوێ دادەنیشن؟ ئێمەش مزگەوتمان زۆر کردوە لەو وڵاتانە.

عومەر عەلی: یا شێخ کە دەوترێت مسوڵمان، خۆ هەموی ئەو کەسانە نین کە تازە ڕۆشتبێتنە ئەو وڵاتانە، مسوڵمان هەیە لەوێ ١٠ پشتی لەوێ لە دایك بوە، جگە لەوە خۆ مسوڵمان لە غەربدا تەنها خەڵکی شەرق نین، بە مەلاین مسوڵمان هەیە خەڵکی وڵاتەکە خۆیەتی، بۆ نمونە ئەجدادو ئابادی لە بەریتانیادا لە دایك بوەو خۆی بەریتانیە بەڵام مسوڵمانە ئەمە بڕوات بۆ کوێ؟ بۆیە من ئەمەم پێ ناخۆشە چون واقع بینی تێدا نی یە، زۆر راستە دەوڵەمەندەکانی ئێوە جێگە دەستیان زۆر دیارە لە ڕوی مزگەوت و یارمەتی هەژاران، رۆشتومەتە مزگەوتی ئێوە لەوێ، هەتا جارێك بە خزمەتی شێخ عبدالرحمن سودەیس گەشتم، دڵم بەو هەوڵانەتان زۆر خۆشە بۆ نمونە ڕۆشتومەتە وڵاتی وا ئێوە مزگەوتتان تێدا کردوە زۆر جێگەی پێزانینە، بۆ نمونە پۆڵەندا ڕوسیا.

شێخ: ئێمە ئەوەی پێمان بکرێت درێغی ناکەین، ئەوەتا تۆش شاهیدی دەدەیت، وە لێرەش کاری گەورەو گرانمان زۆر لەسەرە.

عومەر عەلی: لەگەڵ ئەوەدا ئێوە هەم چاوتان لەسەرە، هەمیش جێگەی تموحی گەورەترن، بە تایبەت لە یەکپارچەی و هەماهەنگی و فراوانکردنی بازنەو دەستگرتنی کۆمەڵ بە حەبلەوە، من بۆیە لە مەککە بێتاقەت بوم بەو ڕۆحیەتەوە نەمدەبینین.

شێخ: باسی ئەوەشیان کرد کە تۆ لە مزگەوتێکدایت و سەروی مزگەوتەکە کەنیسەیە، من سبەی زانایانی مەککە کۆدەکەمەوەو دەبێت هەڵوێستیان لەسەر ئەوە هەبێت و گەورەترین بینات بۆ دابین بکەن، چون ئێمە ئەوەندە پارەمان هەیە نازانین چی لێ بکەین.

عومەر عەلی: باشە یا شێخ گیان، من داوایەکت لێ دەکەم، تۆ بە زوبانی خۆت دەڵێی ئەوەندە پارەمان هەیە نازانین چی لێ بکەین! لە وڵاتی ئێمەدا زۆرترین دەستی خێرخوازی خەلیج هەیە، هەر لە مزگەوتەوە بیگرە تا دەگاتە پرۆژەی ئاو، قوتابخانە، نەخۆشخانە، بە تایبەتی مزگەوت و پرۆژەی ئاوی گوند من زۆر

تێبینیم کردوە، بەڵام لەو وڵاتانەی خەلیجەدا سعودیە ئێجگار کەم دەستی هەیە، بۆ قەتەر ئیمارات ٢ وڵاتی بچوکن زیاتر یارمەتیەکانیان دەگەیەننە کوردستان بەڵام ئێوە نا، هیوادارم لەم بوارەدا کار بکەن، چون ئێمە میللەتێکی داڕوخاوین و پێویستمان بە یارمەتی زۆر هەیە بۆ بیناکردنەوە.

شێخ: ئێ خۆ کوردستانی عێراق دەوڵەمەندە، نەوتتان هەیە، چۆن وان!؟

عومەر عەلی: دەزانیت یا شێخ دەڵێن کاتی خۆی کە نەوت دۆزرایەوە لە سعودیەدا مژدەیان برد بۆ مەلیك کە نەوت دۆزراوەتەوە، ئەویش وتبوی خۆزگە ئاو بوایە، جا منیش دەڵێم خۆزگە لەبری نەوتەکە ئاو بوایە، چون میللەت سود لە نەوت نابینێت، من نامەوێت بچمە قوڵی بواری سیاسەتەوە، چون ئیشی من ئەوە نی یە، بەڵام لە زەمینەی واقعیدا هەم هەژار زۆرە، هەمیش پێداویستی خەڵکی زۆرە، بە تایبەت پرۆژەی ئاو بۆ گوندەکان، نەخۆشخانە، چون لای ئێمە دو جۆر نەخۆشخانە هەیە حکومی کە دەورێکی ئەوتۆیان نی

یە، ئەهلی کە خەڵکی دەڕوتێننەوە، خۆزگە کۆمەڵێك نەخۆشخانەی خێرخوازی دەکرایەوە.
شێخ: ئێمە بەردەوام یارمەتیەکانمان دەگەیەنینە وڵاتە هەژارەکان و پرۆژەیان بۆ دەکەین، حەتمەن ئێوەش ئاگادارن یان تێبینیتان کردبێت، وەك خۆت ئاماژەشت پێکرد.
عومەر عەلی: کاکە شێخ گیان لە وڵاتی ئێمەدا بەشێکی زۆر بە چاوێکی دوژمنکارانە دەڕوانێتە عەرەب و چاکەکان نابینێت، هەشە زاناکان ناشرین دەکات لەبەر هەڵەی کەسانێك، بەڵام من واقعی هەموی دەبینم، چاك دەزانم مەلاین دۆلار لێرە دەڕواتە دەرەوەو دەگات بە منداڵی بێ دایك و باوك، هەزاران مەشروعی خێریتان کردوەتەوە لە دەرەوە، جێگەی هەم دەستخۆشیەو هەمیش لای خوای گەورە ون نابێت، ئەمڕۆ گەر چاوەڕوانی حکومەتەکان بکرێت دەبێت زاناکان ڕۆڵیان نەمێنێت، بەڵام زانا ئەگەر زانا بێت دەبێت مەلیکەکانیش مەمنونیان بن.
شێخ: مەلیك مەمنونی زانا بێت هههە.

عومەر عەلی: با نمونەیەکت بۆ باس بکەم، کاتێك زەینەل عابدین رۆشتە حەرەمی مەکەوە خەڵکەکە ڕێگەکەیان بۆ چۆڵ کرد هەتا بە ئاسانی ڕۆشتە لای حجر الاسود، هەر لەوێدا دو ڕکات نوێژیشی کرد، کە خەلیفە بینی سەری سوڕما، وتی من خەلیفەم و بەیعەتم لە گەردنیاندایە وایان بۆ من نەکرد! بەڵام تۆ کێیت وا ئاوا بۆ تۆ دەکەن، زین العابدین فەرموی : **انت تملك رقابهم وان املك قلوبهم،** وتی تۆ گەردەنیانت بە دەستە، بەڵام من دڵیانم بە دەستە، زاناکان ئەمڕۆ گەر ڕۆڵی حەقیقی خۆیان بگێڕن دڵی خەڵکیان لەگەڵ دەبێت، بۆیە نابێت هیچ وا بکات لەیەکیان داببڕێت.

شێخ: تۆ هەرچیت بوێت لە خزمەتتاین، زانایانی تریشت پێ دەناسێنم، با تەنسیق لەبەیندا هەبێت، هەرچیت پێ باش بو بۆیان پێشنیار بکە، با ڕێگەکان یاسایی بێت و بێ کێشە بێت.

عومەر عەلی: من کەسێکی یاسایی نیم بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بەو کارانەی کە دەیکەم لە یاسا ناسێك زیاتر دەچم بە قوڵا بۆی، چون نە چاوەڕێی دەستکەوتی نایاسایم نە ناشەرعی، تەعامولی تەواویشم

لەگەڵ بانکدایە بۆ ئەوەی کارەکان چاك بڕواتە پێشەوە، ئێوە بۆ مەسەلەی یارمەتی لە ڕێگەی سەفارەتەوە، یان ڕێکخراوە خێرخوازیەکان وەیان یارمەتی ئەو ڕێکخراوانەی کە لەو بوارەدا کار دەکەن، داوا دەکەم زۆرترین پارە بنێرن بۆ کوردستان، هەر لە یارمەتی هەژار تا پرۆژەی خێری بە تایبەتی پرۆژەی ئاو لەگەڵ نەخۆشخانە، وە هەماهەنگی دابەش نەبونی بەهۆی حیزب و فکرەوە، چون زانا دەبێت گەورەتر بیربکاتەوە.

شێخ: ئێمە لە کوردستانی عێراقدا پەیوەندی و هەماهەنگیمان هەیە، لەوەیە تۆ ئاگادار نەبیت چون تۆ لەوێ ناژیت.

عومەر عەلی: لە کوردستان ناژیم بەڵام بە وردی ئاگادارم و ساڵانە بەلانی کەمەوە جارێك هەر دەڕۆمەوە، ئەو هەماهەنگیە هەستم پێکردوە، دەبینم کەسانێك وا دەردەکەون، لە بواری دەعوەو بانگەوازدا کاری چاك و زۆرو وە فراوانیشیان کردوەو جێگە دەستیشیان دیارە، هەر لە کەناڵ و مزگەوت و تا کارکردن لە زانکۆکانیشدا، هیوادارم فراوانتر بکرێت

و ئیسلامیانەو فراوانە بیربکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەی خێرخوازیشتان بگەیەننە کوردستان و فراوانی بکەن.

شێخ: ئەوانەی تۆ دەیڵێیت ئێمە کارمان تێدا کردوە لەوەیە تۆ ئاگادار نەبیت.

عومەر عەلی: دەکرێت وردەکاری نەزانم، هەر هەوڵێکی خێرخوازیتان هەبوبێت بۆ کوردستان من دەستخۆشیتان لێ دەکەم، چون ئێوە لە بیلاد الحرمینن وە توانای دارایشتان زۆرە، لەبەر ئەوە جێگەی تموحی مسوڵمانانن لە جیهاندا، هەتا دەبێت زۆر گەورە بیربکەنەوە، زیاتر لەو دەعوە وشکەی کە دەکرێت.

شێخ: براکەم تۆ چۆن دەڵێی دەعوەی وشك، مەبەستت چی یە، تۆ شتێکی تازەت لایەو ئێمە نەیزانین وا بەو شێوە دەڵێی دەعوەی وشك؟!

عومەر عەلی: کە دەڵێم وشك مەبەستی خراپم نی یە، علومە دینیەکان بە گشتی وشك و قورسە ئەهلی خۆی دەوێت، بۆ نمونە ئێوە ئەم کەناڵە دەعەویانەتان هەیە (.......) من موتابەعەیم کردوە، زۆرێکی هەر بە سەوتیە، ئێ ئەمانە بۆ منێك کە علومی شەرعیم

خوێندوەو شەوقم هەیە لەگەڵیداو وە عەرەبی دەزانم باشە، بەڵام بۆ خەڵکی گشتی بێگومان ئەمانە سودی نی یە، یان هەشبێت زۆر زۆر کەم و نسبین، بۆ نمونە لەولاوە سعودیە دەیان کەناڵی هەیە بۆ نمونە گروپەکانی (.......) یا شێخ گیان ئەم کەناڵانە چ سودێکی بۆ دین وە بۆ دونیاش هەیە؟ مەلاین دۆلار دەدەن بە کڕینی فیلمە ئینگلیزیەکان! من بەدواداچونم بۆ ئەو فیلمانە کردوە، بۆ نمونە فیلمی تێدایە ٥ ملیۆن دۆلار تێچوی فیلمەکە بوە، بەڵام داهاتی فیلمەکەی ئێستە گەشتوە بە نزیکی ملیار دۆلار، ئەم کەناڵانە بەشێکن لە بەرزکردنەوەی داهاتی ئەو فیلمە ئەمەریکیانە، هەر ئەو پارەی کە دەدرێت بە کڕینی ئەو فیلمانە دەکرێت بیر لەوە بکەنەوە خۆتان دەورتان لە بواری سینەماو فیلم و درامادا هەبێت!

شێخ: تۆ دەڵێی چی براکەم، سینەماو فیلم! تۆ دەڵێی چی ئاگات لە خۆتە!

عومەر عەلی: بەڵێ کاکە شێخ گیان زۆریش ئاگام لە خۆمە، ئێستەش لای ئێمە کە دەڵێن سینەما وا دەزانن سینەما یانی فیلمی خەلاعی، بەڵام هەر ئەوروپا

هەزاران فیلمی دوکومێنتری سینەمای کەسایەتیەکانی ئێمە دەکەن کەچی خۆمان نایکەین، بۆ نمونە هەر فیلمی سەلاحەدینی ئەیوبی لە سینەماکانی ئەوروپا عەرز کرا، دواتر عولەمایەك قوت دەبێتەوە ئەمە هەڵەی تێدایەو نازانم چ! ئێ خۆمان لە پێشترین بە شێوەیەکی دروستتر ئەم دوکومێنتاریانە بەرهەم بهێنین، قورئانی پیرۆزو ژیانی پێغەمبەری مەزن و مێژوی ئیسلامی دەکرێت هەزاران فیلمی لێ بەرهەم بهێنێرێت، هەر سەحیحی بوخاری دەکرێت هەر فەرمودەیەکی بەشێوەیەك نمایشی بۆ بکرێت بە کرداری بینەری لە فەرمودەکە تێبگات، جگە لەوەی هەر لە بواری کۆمەڵایەتیدا دەکرێت مەلاین کورتە فتلم و دراماش بکرێت لە بواری عەقائیدی و ئەخلاقیدا، خۆ خەڵك هەر بە وتار دین وەرناگرێت!

شێخ: ئەمانە دەبێت دیراسە بکرێت لە بواری شەرعیەوە، وە فتوای لەسەر بدرێت.

عومەر عەلی: کاکە شێخ گیان خۆ من مەبەستم نی یە شتێکی نا شەرعی بکرێت، دەبێت دەستەی پرۆفیشناڵ لەم بوارەدا هەبێت و لە ژێر ڕۆشنای شەریعەتدا

کارەکانیان بکەن تەنسیقیشیان لەگەڵ لیژنەی فەتوادا هەبێت، بۆ نمونە فیلمی (......) کە ئێران دەریکرد خۆ شتێکی جوانە وە سەرنجی بینەرانی ڕاکێشا، تەنها چەند هەڵەیەکی تێدایە، ئەی ئەگەر ئەو فیلمە ئێوە بتانکردایە بەبێ ئەو چەند هەڵە چەند جوانتر دەبو، دەبو لەم سعودیەدا لەو سەحرادا شارێکی گەورە دروستبکرایە هەر بۆ فیلم دروستکردن.

شێخ:ههە تۆ خۆشیت، کافرمان نەکەیت باشە لەم ئاخریەدا.

عومەر عەلی: کاکە شێخ گیان تا نمونەیەکت بۆ باس بکەم، تۆ ئاگاداری لە ئەوروپاو ئەمەریکا چ دەگوزەرێت لەبواری ئیعلامدا هەر دژی ئێوە بزات؟

شێخ: پێم خۆشە لە تۆوە ئەوانە ببیستم، دیارە تۆ رۆچویت لەم بوارەدا!

عومەر عەلی: ئێوە وەك مەترسیەکی گەورە نیشان دەدەن لەم سەردەمەدا، ئەویش بە چەند نمونەیەکی بچوك و ناڕاستیش هەتا، تەنها و تەنها بەهۆی ئیعلام و نمایشی فیلمی جۆر بەجۆرەوە.

شێخ: نمونە وەك چی لەسەر ئێمە؟

عومەر عەلی: بۆ نمونە هەمو دونیایان تێگەیاندوە لەوەی ئیسلام مافی ئافرەت نادات، وە سعودیەش بە نمونە دەهێننەوە لەوەی ئافرەتەکانیان داپۆشراوە، ناتوانن سایەقی بکەن!

شێخ: جا داپۆشراوی باشە یان ڕوت و قوتی، ئافرەتیش سایەقی ناکات ئێمە زۆربەمان سایەقمان هەیەو خادمیش خزمەتی خێزانەکانمان دەکات!

عومەر عەلی: ئەی ڕەحمەتت لێ بێت، من ئەوە بە چاکی دەزانم، ئەوەتا ئێمە ئێستە قسە دەکەین و دانیشتوین ٣ گەنج خزمەتمان دەکەن، هەر ئەمە بە فیلمی دیقە عالی نیشان بدرێت کە ئافرەت داپۆشراوە سودەکانی داپۆشراوی بخرێتە ڕو، لە هەمان کاتدا هەر بە ئامار لە پێگە فەرمیە ئەوروپیەکاندا هاتوە کە هۆکاری روت و قوتی چەند کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنن، تێکەڵی ژن و پیاو لە قیتارو میترۆو پاسدا چەند دەستدرێژی سێکسی لێ دەکەوێتەوە، چۆن ئافرەتەکان سکاڵا دەکەن، دوای ئەوە ئافرەت لە ئەوروپا کە سایەقی دەکات بۆ نمونە ناچاری وای کردوە، کە دەبێت ئیش بکات و ڕاکە ڕاکەی ژیانی

بێت، خۆ ئەوەی بۆ ئافرەتی سعودی دەلوێت بۆ ئەوانیش بلوێت هەر سایەقی ناکەن، هەر من کە پیاوم سایەقێکم هەبێت شەرت بێت پێ نەنێم بە بەنزیندا، لە وڵاتان مەسولە گەورەکان سایەقیان هەیە، کەچی لای ئێوە ئافرەتی ئاسای و ماڵی ئاسای سایەقیان هەیە! قسەی من لێرەدا لەوە نی یە کە حەرامیش بێت ئافرەت سایەقی نەکات، بەڵام سروشت و حەقیقەتی ژیانەکە بخرێتە ڕو لەگەڵ بەراورد بە ژیانی ئەوان.

شێخ: ئێستە لە تۆ تێدەگەم، ئەمە پێویستی بە دیراسەی وردە!

عومەر عەلی: تۆ سەیر یا شێخ من لە زانکۆیەك دەمخوێن لە قسمی ئینگلیزی، هەمان زانکۆ تەلەبی سعودی تێدابو لە بەشی دیراساتی ئیسلامی دەیخوێند! مەعقولە لە سعودیەوە سعودیە تەلەبە بنێرێت بۆ بەریتانیا شەریعە بخوێنێت، دەبو تەلەبەی بناردایە لە بەشی میدیا بیخوێندایە، دەبو زانکۆکانی ئێرە کار ئاسانی بکردایە بۆ قوتابی لە هەمو جیهانەوە بهاتایەن بۆ خوێندن هەر بە بەلاش، کەچی من دەچمە زانکۆی ئوم القری ٢ کورسیم پێنادەن ٢ تەلەبەی دڵسۆز بە

تموحی زانست و گەڕانەوە بۆ ئەوروپاو دەعوە بخوێنیت ڕێگە نادەن!

شێخ: لەوەیە لە تۆ تێنەگەشتبن، گەرنا بەم شێوە فەهمە حەقە بۆ تۆ کراوە بێت هەرچەند کەس بنێریت.

عومەر عەلی: تۆ سەیر یا شێخ، سەدام بەو زاڵمی و خراپیەی خۆی کە ابن باز بە ڕەحمەت بێت فەتوای کافریشی دابو، لە زانکۆی بغداد، سەدام ئۆفەری بەلاشی دەدا بە قوتابیان لە عالەمەوە دەچون بۆ ئەوێ بۆ خوێندن، خۆشەویستی خۆشی خستبوە دڵی زۆر کەسەوە بەهۆی ئەو کارانەوە، لە شارێکی وەك بێرمینگهام کە دوهەم گەورەترین شارە لە بەریتانیا لە هەمان ساڵی کیمیابارانی کورددا لە ساڵی ١٩٨٨ هەمان ساڵ مزگەوتی لەو شارەدا کردوەتەوە بەناوی مزگەوتی سەدام، ئێستەش پاکستانیەکان هەر خۆشیان دەوێت چون ئەو کردارەیان دیوە.

شێخ: ئەم وردەکاریانە چۆن دەزانیت؟

عومەر عەلی: مامۆستا بەڕێزەکەم، ئەمە وردەکاری نی یە، ئەمە هەر سکانێکی خێرایە وەك دەڵێن سەرە قەڵەمە، وردەکاری زۆر شتی تر هەیە، بەڵام لێرە لە

سعودیە زیاتر هەر تەرکیز لەسەر یارمەتی هەژارو پرۆژەی دەعەوی دەکرێتەوە، دەعەویش ئەو دەعوەی کە وتم وشك!

شێخ: هههه براکەم تۆ خۆشیت، وا مەڵێ وشك نی یە، ئەوەش پێویستە.

عومەر عەلی: گرنگەو پێویستە بەڵام هەمی من فراوانکردنیەتی، تا نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە لە مزگەوتێك نوێژم دەکرد، مامۆستاکە تورە بو هاواری دەکرد باسی نوێژنەکەری دەکرد! منیش وتم مامۆستا گیان بۆ وا توڕەبویت لێمان خۆ ئێمە بۆ نوێژ هاتوین، ئەو توڕەبونە کە باسی نوێژنەکەر دەکەیت دەبێت ئەم خوتبە ببەیتە ناو باڕو جێگە خراپەکان نەك مزگەوت.

شێخ: یەعنی مامۆستا بەو جبەو مێزەرەوە بڕواتە ئەو جێگە خراپانە؟

عومەر عەلی: بەڵێ بۆچی نا، خۆ مەرج نی یە بە فیزکی بڕواتە ئەو جێگانە، دەتوانرێت لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە کۆمەڵە بەرنامەیەکی وابکەن لە هەمو جێگەیەکدا لێ بدرێت، وە دەشکرێت هەر بە فیزکی بڕۆنە ئەو جێگانە، من نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، لە

تورکیا ئافرەتگەلێکی زۆر هەبون کە کاری بەدڕەوشتیان دەکرد، حیزبی عەدالەو تەنمیە لە ڕێگەی داعیەکانیانەوە ڕۆشتن و قسەیان کرد لەگەڵیان، کە بۆچی ئەو کارە دەکەن، بەشێکیان وتیان ئێشمان نی یەو ناچاریە بۆ بژێویە، ئەوان ئیشیان بۆ ئەم بەشە دۆزیەوە، بەشێکی تریان وتیان مێردمان نی یەو پێویستمان پێیەتی، تەوبەیان پێ کردن و گەڕانەوەو بە تەکنیکی خۆیان کردنیان بە خاوەنی مێرد، ئیتر بەو شێوەیە زۆر کەمیان کردنەوە.

شێخ: واللە عافیە، کارێکی چاکیان کردوە، بەڵام کێ ئەو ئافرەتانە دەخوازێت؟

عومەر عەلی: استاذ گیان کە کەسێك گەڕایەوە بە راستی خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، ئەی ئیتر بۆ خەڵکی لێی خۆش نەبێت، هەیە دۆخەکەش کە تێدەگات لەبەر خوای گەورە قبوڵی دەکات، بۆ ئەوەی ئەو ئافرەتانە نەکەونە تاوانەوە، وەك چۆن زۆرکەس هەیە هەر بۆ شەهوەتی خۆی بەدوای کچی منداڵدا دەگەڕێت، زۆر کەسیش هەیە لەبەر خوا ئامادەی ئەم جۆرە کارەی تێدایە، هەروەك چۆن زۆریش هەیە بێوەژن و

شو مردو دەهێنێت. بە کورتی ئیشی ئیسلامی ڕەگ و ڕیشەی زۆرە هەرچەند ئەمڕۆ ناشرین دەکرێت، یان نمونە گەلێکی کەم زەق دەکرێتەوە!

شێخ: مەبەستت چی یە لەو رەگ و ڕیشە!

عومەر عەلی: بۆ نمونە لە ئەوروپاو ئەمەریکا هەزاران ڕێکخراوی ئیسلامی هەیەو شۆڕبونەتەوە بۆ دامو دەزگاکان و بە سەدان جۆری جیاواز کار دەکەن، کاریگەریان لەناو کۆمەڵگەدا هەیەو حکومەت حسابی بۆ دەکات.

شێخ: جا ئەوە کوفر نی یە تێکەڵ بیت لەگەڵ عەلمانیەتدا بەو شێوەیە، مسوڵمان دەبێت وریا بێت و تەبەرا بکات لەوانە!

عومەر عەلی: کاکە شێخ گیان تا من نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە، ئێستە من ئەگەر بمەوێت لە سعودیە بمێنمەوە دەتوانم تەکلیف لە پیاوێکی وەك تۆ بکەم کەفالەتم بکەیت و فیزە وەرگرم، یان بەهۆی شەهادەو زمانەوە هەرچۆن بێت جێگەی خۆم بکەمەوە، بەڵام مەلاین مسوڵمان لە ئەوروپاو ئەمەریکا هەن خۆیان لەوێ ڕەگیان داکوتاوە، هەمو ئەمانە بۆ کوێ بچن، دەبێت

ئێوە قوڵتر بیر بکەنەوە، تا نمونەیەکی ترت بۆ بهێنمەوە، ئەم ڕۆژانە لە جدە سواری تەکسیەك بوم لەگەڵ خاوەن تەکسیەکەدا کەوتمەوە قسەکردن، پیاوێکی هەژاری زۆر مەحبوب بو، وتی خەڵکی حەبەشەم و ژنەکەم بە قاچاخ لەگەڵمدا دەژی، وتم ئەی بۆ بە قاچاخ خۆ تۆ ئیش دەکەیت، وتی فیزەی نادەنێ، منیش ناچار هێناومە بۆ عەمرەو دوای عەمرەکە نەمهێشتوە بڕواتەوەو ئێستە لەگەڵمە بەڵام بە قاچاخ، ئەزانی یا شێخ نەمتوانی خۆم بگرم گریام بۆی. (خۆم پێ نەگیرا)

شێخ: ئەخی دەڵێی دەگریت، بۆ؟

عومەر عەلی: حەقی گریانی نی یە کەسێك لە حەبەشەوە، وڵاتی بیلال، خۆشویستنی بۆ ئەم خاکە بێت و خزمەتی تێدا بکات کەچی مافی ئەوەی پێ نەدرێت ژنەکەی خۆی لەگەڵیدا بێت، ئەو غەربە تۆ ئاوا دەڵێی ماف دەدات بە مسوڵمانەکان ژنەکانیان بهێنن و لەگەڵیان بێت، ئیقامەی دائمیشیان پێ دەدات، لەبەر ئەوە ئەوروپاو ئەمەریکاش نابێت بە ڕۆحیەتی دارول کوفرو کافرن و دوژمنایەتی سەیریان بکرێت، ئەوان

ئەمانیان داوە بە خەڵکەکە، یانی من و بەریتانیەك ئێستە هیچ جیاوازیەکمان نی یە، ئێ پێغەمبەرەکەشمان هاتوە ڕەحمەتە بۆ عالەم نەك تەنها بۆ مسوڵمان، دەکرێت ئێمەش شوێنکەوتەی پێغەمبەر نەبین و زەحمەت بین بۆ خەڵکی؟

شێخ: کوفر هەر کوفرە اخی.

عومەر عەلی: باشە یا شێخ من نمونەیەکی سیرەت بۆ دەهێنمەوە، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت لەم مەککەی پیرۆزەدا ئەزیەت دەدرا، خۆت لەمن باشتر دەزانیت، کەچی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت خۆی سەحابەکانی نەنارد بۆ حەبەشە؟! خۆ مەلیکی ئەوێ کافر بو، بەڵام پێغەمبەر پێی فەرمون بڕۆن بۆلای چون مەلیکێکی تێدایە ستەمتان لێ ناکات.

شێخ: واللە ئەخ عومەر تۆ ڕاست دەکەیت! (دەستی خستە سەر ملم).

عومەر عەلی: ها دەبینی یا شێخ ئێمە لەو نمونانە تێدەگەین بەڵام لە واقعی ئێستە تێناگەین، خۆ قیاس یەکێکە لە سەرچاوەکانی شەریعە دەکرێت قیاس بۆ ئەمەش بەکاربێت، تا نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە، ئێستە لە

ئەوروپاو ئەمەریکا ڕێز لە مسوڵمان کە بیگرن و حسابی بۆ بکەن دەزانیت مەوزوعەکە چی یە؟

شێخ: بڵێ اخ عومەر والله حەزدەکەم هەر گوێ بگرم.

عومەر عەلی: دامودەزگا نی یە لەو وڵاتانەدا مەگەر زۆر بە کەمی ئیلا مسوڵمانی تێدایەو خزمەت بە کۆمەڵگەکە دەکات بە دڵسۆزی، بە جۆرێك ناکرێت لە خۆیانی جیا بکەنەوە، دەعوەش لەو ڕێگەوە زۆر ڕۆشتوەتە پێشەوە، بەسەدان ئەندام پەرلەمانی مسوڵمان، بە سەدان مدیرو مامۆستای زانکۆو هەزاران دکتۆر، هەزاران خاوەن پسپۆڕی تایبەت خزمەت دەکەن، هەر بەریتانیا بڕۆ زۆر جێگە خزمەتگوزاریەکان بە تایبەت دکتۆرەکانی خەستەخانە مسوڵمانن، هەم وەك مسوڵمان ئەگەر دینیەن لێکی بدەیتەوە هەم وەك مرۆڤایەتی خزمەت دەکەن.

شێخ: ئەی مەسیحیەت لەوێ چۆنە، وە ئەوەی پێی دەڵێن پاپا شوێنکەوتەیان لەوێ چۆنە؟

عومەر عەلی: دەکرێت یا شێخ ئێمە هەتا سود لە ئەزمونی پاپاو مەسیحیەتی ئەوێش وەرگرین، بە گشتی وڵات بۆ وڵات جیاوازی هەیە، لە بەریتانیا زۆرینەی

کەنیسەکان دەفرشن و مسوڵمان دەیکڕێت و دەیکات بە مزگەوت.

شێخ: ئێمە سود لەوان وەرگرین یان ئەوان سود لە ئێمە وەرگرن.

عومەر عەلی: دەکرێت ئێمە سود لەوان وەرگرین، تا نمونەیەکت بۆ بهێنمەوە، پاپا مەسیحیەتی سەربەخۆ کردوە بۆ ئەوەی لە کێشە بەدور بن، بۆ نمونە بنکەی سەرەکی مەسیحیەت لە ڤاتیکانە، ڤاتیکان کراوە بە وڵاتێکی سەربەخۆ کە کۆی هەموی ٨٢٦ نەفەرن، بۆ ئەوەی ئیتاليا توشی هەرچی ببێت تێکەڵی ڤاتیکان نەکردێت، خۆ ڤاتیکان چی یە هەر شەقامێکە لەناوەڕاستی ڕۆمادا، من خۆم ڕۆشتوم بەچاوی خۆم دیومە، خۆزگە مەکەکەو مەدینەش دەکرا بە ئیدارەی سەربەخۆو لە سعودیە جیا دەکرایەوە، تا وڵات هەرچی کێشەی هەبێت تێکەڵ بە ئێدارەی مەککەو مەدینە نەکرایە، ئەوسا خەڵکانێك یان وڵاتگەلێك دژی سعودیەشن تێکەڵیان نەکردایە لەگەڵ حەرەمەیندا.

شێخ: ئەم شتە قبوڵکراو نی یە، شتی وا نابێت.

عومەر عەلی: بەڵام ئەگەر ببێت خۆ کارێکی چاکە.

شێخ: نا ئەخی گیان ئەگەر مەککەو مەدینە ببێتە ئیدارەی سەربەخۆ توشی مەترسی هێرش دەبێتەوە، ئەوسا کێ پارێزگاری لێ بکات، ئەو بیرۆکەی ئێوە زۆر هەڵەیە.

عومەر عەلی: باش استاذ من بە تۆ دەڵێم، ئەگەر ئیدارەی سەربەخۆ بێت، واتە سعودیە ئامادە نی یە پشتگیری لێ بکات؟! ئەوە بە ڕاستی جێگەی تێڕامانە، بە بڕوای من ئەگەر سەربەخۆ بێت هەمو وڵاتانی ئیسلامی خۆیان بە خاوەنی دەزانن و پشتگیری لێ دەکەن، هەر لە تورکیا کە لە حیلفی ناتۆیە پشتگیری لێ دەکات و دەبێتە ئەمری واقع بۆ وڵاتانی ناتۆش، وە هەر لە پاکستان کە خاوەنی نەوەویە، جگە لەوەی ئەگەر ئیدارەی سەربەخۆ بێت دوژمنی کەم دەبێت، چون ئەو داهاتەی دەستی دەکەوێت دەکرێت لە پرۆژەی خەیری لە جیهاندا سەرفی بکەن, نەك ئێستە کە ماڵێکیش بە فیڕۆ دەدرێت خەڵکی بیخاتە سەر ئیسلام.

شێخ: ئەخی ئێمە دوژمنمان زۆرە چاویان پێماندا هەڵنایەت هەڵەی کەسێکی ئاسایی کە زانایانیش

لەگەڵیدا نین بەسەر ئێمەیدا دەشکێننەوە، لە ئیعلامەوە زەقی دەکەنەوە، گەرنا هیچ زانایەك لەگەڵ ئیسراف و تەبزیردا نی یە.

عومەر عەلی: من ئەوە دەزانم یا شێخ، لە بەریتانیا ساڵانە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن تەن خواردن بە فیڕۆ دەڕوات، بەڵام بۆ بەفیڕۆ نەچونی ئەو خواردنانەش دەکرێت پرۆژەی ڕیسایکڵین هەبێت، ئەو خواردنانە بۆ نمونە بکرێت بە موعەلەب، وە ئیعلامیش گرنگە وەك لە سەرەتاشەوە باسمکرد پەرەی پێ بدرێت، هەتا با گەنجەکانی سعودیەش هۆشیار ببنەوە.

شێخ: گەنجی سعودیە ماشاء الله باشن اخی، بەڵام ئێستە فکری ئیلحادی گرنگی پێ دەدرێت و باق و بریق دەیانەوێت لە خشتەیان بەرن.

عومەر عەلی: کێشەی ئێوە ئەوەیە یا شێخ تەرکیزتان زیاتر هەر لەسەر مزگەوتە، مزگەوتیش تەنها نوێژخوێن دێت بۆی، هەتا زۆرکەس هەیە نوێژخوێنیشە بەداخەوە هاتوچۆی مزگەوت ناکات، گەر بەرنامەی واقعی زۆر هەبێت خەڵکی زیاتر بەئاگا دەبێت، گەنجی سعودی هەیە رۆشتوە بۆ تورکیاو

تایلەند بۆ خراپە بەهۆی شتێکی سادەوە گەڕاوەتەوە، بۆیە دەبێت حسابیان بۆ بکرێت.

شێخ: مەبەستت چی بو وتت تورکیاو تایلەند!

عومەر عەلی: من خوێندمەوە گەنجێکی سعودی رۆشتبو بۆ تایلەند بۆ ڕابواردن کچێکی بردبو بۆ هوتێڵ کە ویستبویان ببورە کە دەڵێم، کە ویستبوی زینای لەگەڵ بکات لە ژوری هوتێلەکەدا پەیکەرێکی بوزای تێدا ببو، ئافرەتە بوزیەکەی کە چاوی پێ کەوتبو وتبوی بوەستە، رۆشتبو پەڕۆیەکی دابو بەسەر پەیکەرەکەدا، گەنجە سعودیەکەش وتبوی بۆ ئەوەت کرد؟ کچەکەش وتبوی ئەوە خوای ئێمەیە! با نەبینێت ئەو کارە دەکەین! ئیتر گەنجەکەش دەستی کردبو بە گریان، وتبوی ئێمە خوایەکمان هەیە لە هەمو جێگەیەك دەمان بینێت شەرمی لێ ناکەین، تۆ لەو بەردە شەرم دەکەیت، هەر ئەوە ببوە هۆی ئەوەی بگەڕێتەوەو تەوبە بکات، جا مەبەستی من چی یە ئەم گەنجانە دەکرێت سەدان بەرنامەی جۆربەجۆریان بۆ بکرێت کە لە مزگەوت و پرۆژەی هۆشیاری دینی و ئەخلاقی تێبگەن و تێکەڵاوی ببن.

شێخ: بەداخەوە گەنجی وا لە سعودیەدا هەبێت ئەی تورکیاکە چی؟

عومەر عەلی: دو گەنجی سعودیش دەچن بۆ تورکیا بۆ خواردنەوە زیاتر، کە دەچنە هوتێلەکەو عادەتەن پاسەپۆرت دەدەن لە ئیستعلامات زۆر گەرم دەبن لە گەڵیاندا، چون تورك عەرەبی زۆر خۆش دەوێت و من دەیان ناسم لەناویاندا ژیاوم، بۆ نوێژی بەیانی دەدەن لە دەرگاکەیان داوایان لێ دەکەن کە ئیمامی مزگەوتەکە لە ڕێگەی ئیستعلاماتەکەوە زانیویەتی دو گەنجی سعودی کە خەڵکی مەدینەن بچن بەرنوێژیان بۆ بکەن، دو گەنجەکە دەڵێن ئێمە شەو تا درەنگێك خواردبومانەوە، دواتر ئەوە بوە هۆی گەڕانەوەیان.

شێخ: جێگەی ئەسەفە، بەڵام الحمدلله هیدایەتیان وەرگرتوە، بەڵام بە رەئی تۆ بۆ ئەم گەنجانە چ بکرێت باشە.

عومەر عەلی: یا شێخ دەکرێت سەدان چالاکی جۆربەجۆر لە مزگەوتدا بکرێت، نەك هەر محازەرە، من خۆم لە بەریتانیا هەرچی چالاکی هەبێت دەیهێنمە مزگەوت، تا خەڵکی ئاشنا بێت بە مزگەوت، بۆ نمونە

گەنجێك ژن دەهێنێت دەڵێم وەرن لە مزگەوت مارەی دەبڕین، کوڕێکی ڕۆشنبیری هەیە دەیانەوێت بچن بۆ قاعە، دەڵێم کاکە وەرن لە مزگەوت دەیکەین و پارەش سەرف ناکەن، هەتا جاری وا هەیە تۆپانیش لەناو مزگەوتەکەدا دەکەین!

شێخ: یا ئەخی تۆپان چۆن دەبێت لە مزگەوتدا بکرێت تۆ چۆن ڕێگە بەخۆت دەدەیت ئەوە بکەیت، دەبێت ڕێزی خۆت و عەمامەکەت بگریت!

عومەر عەلی: باشە یا شێخ گیان من نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە، ئەو گەنجانە کە لە ساحە تۆپان دەکەن من خۆم دیومن هەتا دیومە کفریشی کردوە، لە کاتێکدا کفر کردن انسانی پێ کافر دەبێت، ئەو تاوانە گەورە دەکات بۆ تۆپانێك، بەڵام کە دێتە مزگەوتەکە نەك کفر ناکات ڕێزی مزگەوتیش دەگرێت، کاتی نوێژیش بانگ دەدات نوێژەکەش دەکات بە جەماعەت، بە مزگەوتیش ئاشنا دەبێت و بەهی خۆی دەزانێت.

شێخ: واللە ئەخ عومەر تۆ منت تەسلیم کرد نازانم چی بڵێم!

عومەر عەلی: یا شێخ ئێمە خەڵکی لە مزگەوت ئەتۆرێنیت، تۆ سەیر بکە لەم وڵاتە ئیسلامیانەدا منداڵێك دێتە مزگەوت بە جارێك هەموی لێی تورە دەبێت! بە حساب بۆ ڕێزی مزگەوتەکە کەچی خەڵك لە مزگەوت دەتۆرێنێت، من لە مزگەوت منداڵ دەڵێم هەر وازیان لێ بهێنن هەرچی دەکەن بیکەن، ڕاوڕاوان بکەن با مورتاح بن خۆ حەرام نی یە، واللە لە نوێژدا منداڵ هاتوەتە بانی ملم زۆر ئاسایی بوە لام، تۆ سەیر بکە هەر خودی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت حەسەن و حوسەینی هێناوە بۆ مزگەوت و جاری وا هەبوە لە وتارەکەی هەینی هاتوەتە خوارەوە بۆ بە دەمەوە چونی حەسەن و حوسەین، ئێمە زۆرجار بەناوی ئەتەکێت و نازانم زۆر ناوی جیاواز ڕۆڵی مزگەوت بچوك دەکەینەوە.

شێخ: تۆ بۆ دەست نابەیت شت بخۆیت اخ عومەر، فەرمو شەرم مەکە، ئەم نەوعانە هەمویان فاخرن.

عومەر عەلی: خوای گەورە پاداشتان بداتەوە شێخ گیان، زۆر ئەزیەتتان کێشاوە ئەم هەموە پێویستی

نەدەکرد، بڕوا بکە هەندێك لەم شتانە من هەرنازانم چی یەو چۆن بیخۆم هههە، زۆرێکی نەمدیوە پێشتر.
شێخ: اخ عومەر ڕێزی میوان واجبە، ئیبراهم سەلامی خوای لێ بێت کە میوانەکانی هاتن گوێرەکەی بە ساغی سورکردەوەو بردی بۆیان، بۆیە ئێمەش هەرچی بکەین بە ساغی هیچی لێ نابڕین و بەو شێوە دەیخەینە بەردەم میوان.
عومەر عەلی: بڕوا دەکەیت یا شێخ ئەم حوشترو حەیوان و تا دەگاتە مریش کە بەم شێوە ئێوە بە ساغی لەسەر سفرە دایدەنێن کەسانێك ڕەسمی دەگرن و سەدان لێکدانەوەی جۆربەجۆری بۆ دەکەن، جا دێن و لەگەڵ وڵاتێکی فەقیردا وێنەکان پێکەوە دەنوسێنن و دەڵێن سەیر ژیانی ئەوان چۆنەو ئەمانەش چۆنن!
شێخ: اخ عومەر دەمی خەڵك ناگیرێت، بەبێ ئەوەی لە شت تێبگەن هەر قسە دەکەن، بۆ نمونە ئەمانە خۆ حەرام نی یە، کەسێك خوای گەورە بیداتێ پێی خۆشە ئەسەری نیعمەتەکەی پێوە ببینێت، جگە لەوەی ئەو خواردنانە ئەوە هی سەرەتایە، دواتر بەسەر فەقیردا دابەش دەکرێت، ئەوەی ئیلتیزامی هەبێت بە فیرۆی

نادات، هەتا ئێمە خواردن لێرەوە دەنێرین بۆ ئەفریقیا بۆ وڵاتانی هەژار.

عومەر عەلی: ئەی بۆ ئەو شتانە وەك ئیعلام گرنگی پێ نادەن؟

شێخ: اخ عومەر ئێمە ئەم شتانە دەکەین لەبەر خوای گەورە، بۆیە ئیعلام لامان ئەوەندە گرنگ نی یە.

عومەر عەلی: بەڵام شێخ خۆ هەتا خێرو چاکەش راستە بە نهێنی بکرێت باشە بەڵام دەکرێت بە ئاشکراش بکرێت، چون بە ئاشکرا کردنیش خۆ ناشەرعی نی یە، دەبێتە هۆی هاندانی خەڵکی، مەگەر سەحابەی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت ماڵیان نەبەخشیوە بە ئاشکرا! لەبەر ئەوە دەکرێت هەر یەك کەس بە نهێنی کاری چاکە بکات و بە ئاشکراش بیکات، دوای ئەوەش ئیعلام یا شێخ ئەمڕۆ هۆکارێکە بۆ گەیاندنی دەنگت بە ڕێژەیەکی خەڵکی زیاتر، وەسیلەیەکە هاتوە دەبێت سودی لێ وەرگیرێت، دەزانیت یا شێخ داتا نێودەوڵەتیەکان ئاشکراشیان کردوە کە ئیسلامیەکان سودمەنترین چینن بە تایبەت لە ئەنتەرنێت.

شێخ: واللە اخ عومەر من ئەنتەرنێتم نەکردوە نازانم، گەنجەکان باسی دەکەن، تازە بۆ من زەحمەتە فێرنابم.

عومەر عەلی: ئەوەی گرنگە یا شێخ ئێوە لە سروشتی حەقیقی خۆی تێبگەن و بتوانن دروستانە مامەڵەی لەگەڵ بکەن، دەزانیت هەر گەنجی سعودی هەن کۆمەڵێك دەستیان کردوە بە یەکداو هەزاران وتارو کتێب و فەتوای شەرعی دەگەیەنن بە هەمو جیهان، بۆ نمونە تەنها سایتی (......) زیاتر لە ١٠ هەزار وتاری تێدایە، هەزاران کتێبیشی تێدایە، لە هەمو جێهاندا دەتوانرێت دابەزێت و گوێی لێ بگیرێت.

شێخ: پێیان وتم تۆش مەبەستە گرنگی بەم بواری دەعوە بدەیت، چی بە من دەکرێت لە خزمەتتام، تۆ خۆشەویستی منیت، متمانەت پێ دەکەم، دوعای خێریشم بۆتان هەیە، پرۆژە نوسراوەکەشتم دی جوانەو بە دڵمە.

عومەر عەلی: من دو پرۆژەم هەبو کە هاتم بۆ ئێرە، یەکەم ناردنی تەلەبە بۆ خوێندن بۆ ئێرەو، دوەم یارمەتی دانمان بە کتێب و سەرچاوە شەرعیەکان بە

زوبانی، پرتوگالی، پۆڵەندنی، لاتیڤی، روسی، ئیسپانی، ئەڵمانی، وە چەند زوبانێکی تریش.

شێخ: جا اخ عومەر ئێمە ئەوانەمان هەیە بە ئارەزوی خۆت هەرچەندەت دەوێت ببیە.

عومەر عەلی: من بینیومە شتێکی جوانە لە جامتایەکدا هەمو سەرچاوە سەرەکیەکانی ئیسلامی تێدایە، هەر لە کتێب ونامیلکە تا دەگاتە سیدی و شریت، وە شتێکی جوانیشە کە جانتاکەش دەکەیتەوە دەبێتە بەرماڵ و قیبلە نوماشی پێوەیە، ئێوە پێی دەڵێن جامتای مسوڵمان، جا ئەم جامتانە بگاتە دەستی من بۆ هەر یەك دانەو من دەتوانم کەسێکی پێ بکەم بە مسوڵمان پشت بەخوای گەورە بە پێی زوبانەکە.

شێخ: بەڵام من لەمە تێناگەم تۆ ئەمانەت بۆ چی یە، مەگەر خۆتان زمان نازانن؟

عومەر عەلی: یا شێخ من کێشەم لە زوبانی عەرەبی و ئینگلیزدا نی یە، بەڵام لەوێ زۆرکەس هەن زوبان دەزانن وەك قسەکردن، من دەتوانم تێیان بگەیەنم و قەناعەتیان پێ بکەم، بەڵام ئەوان پێویستیان بە سەرچاوەیە، جا ئەو جامتانە لەبەر دەستی مندا هەبێت

دەتوانم یەکی دانەیەکیان بدەمێ شتێکی زۆر جوان و عەمەلیە.

شێخ: ئەی تۆ باسی ئەنتەرنێتت کرد ناکرێت سود لەوەش وەرگرن؟

عومەر عەلی: بۆ نا شێخ بەڵام مەترسیەکی زۆر گەورەیە هەیە لە ئەنتەرنێتدا بە سەدان وێبساتی بەناو ئیسلامی هەن هەر لە عەرەبی و ئینگلیزی تا زوبانەکانی تریش بەڵام لە ژێرەوە کەسانی نا ئیسلامی ئیدارەی دەکەن و بۆ هەڵگەڕاندنەوەی خەڵکە لە ئیسلام، من ئەو زوبانانە نازانم ناتوانم لە خۆمەوە بە خەڵکی ئاشنا بکەم.

شیخ: تۆ ئەم شتانە چوزانیت!

عومەر عەلی: یا شێخ ئێمە لەوێ لەناو ئەم مەوزوعانەدا دەژین، مەهارەمان هەیەو چاوکراوەین، وە شەرعەکەشمان خوێندوە، کە دەچینە بنج و بناوانی بۆمان دەردەکەوێت، وە کە دەبینین شتی ناشەرعی تێدایەو دژی دەقی قورئانیە ئیتر ڕونە.

شێخ: عافیە اخ عومەر خەمی خەڵکی بۆ وەرگرتنی دین بە دروستی و لەسەرچاوە ئەسڵیەکانەوە زۆر

گرنگە، من پێشنیارت بۆ دەکەم لێرە ئەم مەوزوعە باس بکەیت تا گرنگی بە ئەنتەرنێت بدەن.

عومەر عەلی: دیدارێك هەیە لە پایتەختی سعودیە لە ریاز قەرارە بچم و بەشداریان لەگەڵ بکەم، لەوێ ئەو مەوزوعە باس دەکەم.

شێخ: حکومەتیش پشتگیری ئەم شتانە دەکات.

عومەر عەلی: یا شێخ حکومەت تێکەڵی ئەم مەوزوعانە نەکرێت باشە، چون حکومەت ناوی خۆی لە ناوی شەریعە پێ گرنگترە!

شێخ: تۆ چۆن وا دەڵێی اخ عومەر؟!

عومەر عەلی: تا چەند نمونەیەکت بۆ باس بکەم، من ئەمە دوهەم جارمە بێمە سعودیە، جاری یەکەم بۆ حەج، ئەم جارەش بۆ عەمرە، هەردوجارەکە کە ڕۆشتمە حەرەم ویستم لە بابی سەلامەوە بچمە ژورەوە، کەچی ئەو دەرگا بەردەوام داخراوە بەبیانوی نوێژەن کردنەوە، بەڵام بابی (.....) کە ناوی مەلیکەکانی ئێرەیە کراوە بە دەرگای سەرەکی، وە هەرچی مزگەوتی گەورەو زانکۆو هەتا شەقامی گەورەیە کراوە بە ناویانەوە! کەچی هەرچی شتی بچوك و کوێرە ڕێگە

هەیە کراوە بەناوی سەحابەوە، هەتا ئەو رۆژە دیم نوسراوە مەمەڕ عومەر بن خطاب، ماقولە ئۆتۆبانی سەرەکی بەناوی مەلیکەکانەوە بێتو تولە ڕێگە بەناوی سەحابەوە بێت!

شێخ: ههههە چ تێبییەکت کردوە!

عومەر عەلی: ئەمانە شتی سادەیە بەڵام جێگەی هەڵوێستەو پرسیارە.

شێخ: لای ئێمە بمێنەرەوە کە جەماعەت ڕۆشتن، لە خزمەتتا دەبین.

عومەر عەلی: بارك الله استاذ گیان من دەبێت بڕۆم بۆ هوتێل و شتومەکەکانم لەوێیە، خۆشحاڵ بوم بەم دەرفەتە.

شێخ: پێم خۆشە دوبەدو قسەی زیاتر بکەین دوای رۆشتنی جەماعەت.

عومەر عەلی: بۆ من ئاساییە تا بەیانیش قسە بکەین.

دوا رۆشتنی جەماعەت.

شێخ: تۆ زۆر مەوزوعت وروژاند پێم خۆش و هێمنتر رەئی جەنابتان بزانم، ئێمە تەرکیزمان زیاتر لەسەر

شەرعە، هەست دەکەم دونیا بینی و وردبینی زیاتر لە قسەکانی تۆدا هەیە، بارك الله بۆ خەمخۆریشت.

عومەر عەلی: ئەڵبەت یا شێخ من وردەکاریم پێ نەوتون، ئەوانە هەموی سکانی خێرایە، زانایان دەبێت وردبینی و دونیا بینیشیان یەکجار فراوان بکەن، پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت ئەو سەردەمە کە وەسیلە نەبوە نامەی بە هەمو جیهاندا ناردوەو خەمی عالەمی خواردوە، پەیامەکەشی پەیامێکی جیهانیە، وە رەحمەتیشە بۆ عالەم، بەڵام هەست ناکەیت ئێمە نەك ڕەحمەت زەحمەتین هەتا بۆ خودی خۆشمان.

شێخ: مەبەستت لەو زەحمەتە چی یە بۆ خۆمان.

عومەر عەلی: تۆ سەیرکە یا شێخ، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت لەسەر کافران (**تَحْسَبُهُمْ جَمِيعًا وَقُلُوبُهُمْ شَتَّىٰ**) **الحشر** ١٤ کەچی ئێمە پێچەوانەین، لە ئایەتێکی تر لە قورئاندا هاتوە (**مُّحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ ۚ وَالَّذِينَ مَعَهُ أَشِدَّاءُ عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاءُ بَيْنَهُمْ ۖ**) الفتح ٢٩ کەچی لە زەمینەی واقعدا ئێمە بەرانبەر کافر بە ڕەحمین و بەرانبەر خۆمان توندین، کە ڕێك پێچەوانەی قورئانە!

شێخ: خۆمان زۆر بەکار دێنیت مەبەستت کێیە لە خۆمان.

عومەر عەلی: مەبەستم لە هەمو چینە دینیەکانە، بەبێ جیاوازی، هەمو ئەهلی قیبلە، وە بە تایبەت ئەهلی سونە.

شێخ: ئێمە ناتوانین سەیتەرە بکەین بەسەر ئەو هەموە خەڵکەدا!

عومەر عەلی: جا کاکە شێخ گیان سەیتەریەی چی خۆ قەرار نی یە شەڕیان لەگەڵدا بکەین، بەلانی کەمەوە پشتگیریان بین، دژیان نەبین، هەڵەکانی یەکتری بە نەرمی چاك بکەین، مەعقولە بەرانبەر حاکمی زاڵم نەرم بین بەڵام بەرانبەر مسوڵمانێکی داماوی موستەزعەف حەیای ببەین و هەرچی موستەڵەحی کۆنە بەسەریاندا بسەپێنین! کەسێك ئەگەر هەڵەیەکیش هەبو، یان جیاوازیەکی فیقهی زۆرجار دونیای لێ تێدەگەیەنین، ئەوە کەی مەعقول و وە کەی شەرعیشە، یانی تۆ سەیر من ئەو رۆژە رۆشتم بۆ مەکتەبەیەك داوای تەفسیری في ظلال القرآن م کرد خاوەن مەکتەبەکەی مۆڕەی لێ دەکردم و دواتر کێشامیە لا

وتی: نەك هەر نی یە! لە سعودیەدا ئەسڵەن ئیتر پرسیاریشی مەکەو جۆرێکە لە عەیبەش!

شێخ: ئەو مەوزوعانە بە سیاسی کراوە، کتێبی تر زۆرە خەمت نەبێت.

عومەر عەلی: یا شێخ کێشەکە نەبونی کتێب نی یە، ئێستە کتێبی ئێوە لە هەر جێگەیەکی دونیا قەدەغە بکرێت پێت ناخۆش نی یە، دوای ئەوە ئەو کتێبانە کە قاچاخ دەکرێت مانای کاریگەری دەگەیەنێت، ئەم ساڵانە پەیامەکانی نوور لە روسیا قاچاخ کرا، تۆ ئەوە دەزانیت؟

شێخ:نا ئاگاداری ئەوە نیم.

عومەر عەلی: دەبینی یا شێخ ئەهلی ئیسلام نابێت بترسێت لە بڵاوکردنەوەی کتێب، چون کتێبی دینی و پەیامی دروست هەر دەگات، پەیامەکانی نوور ئێستە کراوە بە چەندین زوبانیش و دوای نەمانی سەعید نەورەسی ئێستە لە ڕوسیادا کاریگەری دروست دەکات.

شێخ: یانی في ظلال القرآن یش ئەوەندە کاریگەرە!

عومەر عەلی: دەزانیت یا شێخ خاتەمی رابەری ئێران وتی ٥٣ جار في ظلال القرآن م خوێندوەتەوە، دوای ئەوە مەکتەبەکانی ئێمە بە سەدان هەتا کتێبی نا دینی و بگرە کتێبی ئیلحادیشی تێدایە.

شێخ: لا اخ عمر چۆن دەبێت کتێبی وا بکڕن و بیخەنە مەکتەبەوە اتق الله.

عومەر عەلی: یا شێخ من زۆر نیگەران دەبم بەڕاستی بیرکردنەوەی ئێوە ئەوەندە تەسك بێت و بەم شێوەیە بیر بکەنەوە، تۆ هەر سەیری قورئان بکە کە چەند ئایەت باسی هەتا ئیلحادی کردوە، گوێم بۆ بگرە تا هەندێکت بە بیر بهێنمەوە:

عومەر عەلی: هزری ئیلحادی

ئەم هزرە لە بێ باوەڕیەوە سەرچاوە دەگرێت و بڕوا بوون ڕەد دەکاتەوە.

مەدرەسەیەکی فەلسەفی تایبەتی بەو شێوە نی یە کە فکری ئیلحادی هەمووی پێکەوە کۆ بکاتەوە، بەڵام ئاشکرایە ئەم هزرە پێش ئیسلامیش هەبووە وەك بە دەهریەکان ناسراون کە دەڵێن ئەم جیهانە سەرەتاو کۆتای نی یە قورئانی ڕاستیش ئەم باسەمان بۆ دەکات

و دەفەرموێت {**وقالوا ما هي الا حياتنا الدنيا نموت ونحيا وما يهلكنا الا الدهر وما لهم بذلك من علم ان هم الا يظنون**}الجاثية 24

واته: بێباوەڕەکان دەیانووت ئەم دونیا چی یە دەژین و دەمرین سروشت و ڕۆژگارە دەمان ژێنێت و لەناومان دەبات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوان ئەوەی ئەوان دەیڵێن لە ڕێگەی زانستەوە نی یە تەنها گومانە.

جەمالەدینی ئەفغانیش کتێبێکی هەیە بەناوی بەرپەرچ دانەوەی دەهریەکان، الرد على الدهريين، وە بەکارهێنانی ئیلحادیش بۆ ئەوەیە کە باوەڕیان بە دین نی یە، ئیتر دەکرێت دەستەواژەی جیا جیا بەدەرکەون وەك لێرەدا دەهری دەرکەوت گرنگە ئەوەیە گەرچی ناوەکانیش جیابن، بەڵام هەمووی لە ژێر ئیلحاددا یەك دەگرن، بەڵام هەتا ناوی ئیلحاد خۆشی لە قورئاندا هاتووە وەك لەم ئایەتانەدا دەبینرێت:

{**ولله الأسماء الحسنى فادعوه بها وذروا الذين يلحدون في اسمائه سيجزون ما كانوا يعملون**} سورة الأعراف180

واتە: هەر بۆ خوایە هەموو ناوە جوان و پیرۆزەکان، جا (ئەی ئیمانداران) بەو ناوانە دۆعا و نزا بکەن و هاناو هاوار بۆ ئەو زاتە بەرن، وازبهێنن لەوانەی کە لە ناوە پیرۆزەکانی خوادا لادان دەکەن و (سیفەت و ناوەکانی خوا بەکاردەهێنن بۆ غەیری خوا)، لە ئایندەدا پاداشتی ئەو کارو کردەوانەیان وەردەگرن کە ئەنجامیان دەدا.

لێرەدا بە ئاشکرا خوای گەورە ناوەکانی خۆی بە بیر مسوڵمانان دەخاتەوەو فەرمان دەکات کە بەو ناوانە دوعا بکەن و واز لەوانە بهێنن کە کە باوەڕیان پێی نی یەو گرنگی پێ نادەن بە نا ئاگا لەڕاستی خوای گەورە ناویان دەبات.

**{ولقد نعلم انهم يقولون انما يعلمه بشر لسان الذي يلحدون اليه اعجمي وهذا لسان عربي مبين}** سورة النحل103

واتە: سوێند بە خوا ئێمە بەڕاستی دەزانین بێ باوەڕان دەڵێن: ئەم قورئانە تەنها کەسێك فێری دەکات، (بەمەرجێك) زمانی ئەو کەسەی ئەوان دەڵێن قورئان فێری محمد دەکات، عەجەمیەو عەرەبی نیەو ڕەوان

نیه، لەگەڵ ئەوەدا ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی و پاراوو ڕوون و ئاشکرا داڕێژراوە.

**{ان الذين يلحدون في اياتنا لا يخفون علينا افمن يلقى في النار خير ام من ياتي امنا يوم القيامة اعملوا ما شئتم انه بما تعملون بصير}** سورة فصلت 40

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە سەرسەخت و بێ بڕوان و دژایەتی ئایەت و فەرمانەکانی ئێمە دەکەن و لێی لادەدەن. خۆیان ناشارنەوە لە ئێمە، باشە، ئەوەی فڕێ بدرێتە ناو ئاگری دۆزەخەوە چاکترە یان ئەو کەسەی کە بەدڵنیایی و ئارامی و هێمنیەوە دێت لە ڕۆژی قیامەتداو بەرەو بەهەشت بەڕێزەوە بەڕێ دەکرێت؟! ئەی بێ باوەڕان هەرچیتان لە دەست دێت بیکەن، چونکە لە دەستی خوا دەرناچن، دڵنیاش بن خوا بینایە بەو کردەوانەی دەیکەن.

دەبینی لەهەر سێ ئەو ئایەتانەی کە هێنامانەوە ووشەی ئیلحاد بێباوەڕ هاتووە، بەڵام ئەم بێباوەڕی و ئینکاری کردنە وەك لە سەرەوەش ئاماژەمان پێ دان جۆریان زۆرە. هەیە بۆ نمونە باوەڕی هەیە بەخوای گەورە بەڵام ئینکاری شتی تر دەکات کە ئەویش هەر لە ژێر

ئیلحادی نایباته دەرەوە وەك قورئانی پیرۆز ئەمەشمان بۆ باس دەكات و دەفەرمویت **{ولئن سالتهم من خلق السماوات والأرض وسخر الشمس والقمر ليقولن الله فانى يؤفكون}**العنكبوت 61

موئەریخێكی ئیغریقی بەناوی بلوتارك وەڵامێكی جوانی دەداتەوە وەك دەڵێ( لقد وجدت في التاريخ مدن بلا حصون، و مدن بلا قصور، و مندن بلا مدارس، ولكن لم توجد أبدا مدن بلا معابد) واته له مێژوودا شارم بینی بەبێ خشت و بەرد ، شارم بینی بەبێ باڵەخانە، شارم بینی بەبێ قوتابخانە، بەڵام هەرگیز شارم نەدی بەبێ پەرستگا، یانی ئەوە چ باوەڕێكە ئەوە ڕەد بكاتەوە، لەكاتێكدا ئەو هەموو شتە گرنگە دونیایانە زۆرجار لە شاردا بوونی نەبووە بەڵام پەرستگا هەبوون.

هەروەها لقی تری لێ دەبێتە ئەم ئیلحادانە وەك لا دینیەكان كە ئەسڵەن دەڵێن دین مرۆڤەكان خۆیان دروستیان كردووە یانی هەر بوونی نەبووە خۆی، وە لا أدري یەكان كە نازانن هەیە یان نا!، وە ڕەبانیەكان

که باوەڕیان بە خوا هەیە بەڵام دینیش بە گرنگ نازانن.

بەڵام ئەم هزرە کە لە ئێستەدا هەر ئەو هزرەی پێش ئیسلام نی یە بەڵکو لەناو مەسیحیەکاندا زیاتر ئەمە دروست بوو لە دژی مەسیحیەت و بڕوایان وایە کە دین مرۆڤەکان کۆت دەکات و ڕێگری دەبێت لە داهێنان جا گەر بێت و خۆتی لێ داماڵی دەتوانیت پێش بکەویت، کە مشتومڕێکی یەکجار زۆری لەسەرە.

هەموو ئەم هزرانە هەڵقوڵاوی ناوچە مەسیحیە نشینەکانن بەڵام لەگەڵ فراوانیان و هۆی پشتگیریان لەلایەن زۆرێکەوە ئیتر خۆیان لا زیاتر گەورە بووەو بە پێوەری خۆیان پێوایانە بۆ ووڵاتانی تریش داناوەو ووتوویانە دین هەر دینە، بۆ ئەوەی ئێوەش وەك ئێمە پێش بکەون دەبێت وازی لێبهێنن و خۆتانی لێ دابماڵن، بەڵام لە ڕاستیدا دین هەر دین نی یە چونکە ئەحکامی شەرعەکانیان جیاوازی هەیە، هەربۆیە کاتێك لە ووڵاتانی ئیسلامی بەدوای ئەم جۆرە هزرانە کەوتن بینیان هەم دینەکەشیان لە دەستداو وە هەم پێشیش نەکەوتن بەڵکو بۆ دواوەهاتن، ئەو ساتەی کە دەستەکان

به ئیسلامەوە پابەند بوون لە قیمەی پێشکەوتندا بوون و ئەوروپاو ئەمەریکا بەدەست پیاوانی کەنیسەوەو بەدەست شەڕەوە دەیان نالاند لە لەندەندا تا ئەژنۆ لە قوڕدا دەچەقی لە ئەندەلوس کە ئیسپانیای ئێستەیە هەموو کۆلانەکان ڕووناك بوون، کە ئێستەش ئاسەواری ئیسلامی ئەوکاتەی پێوە دیارە. لە ڕێگەی ڕۆژهەلاتناسەکانیانەوە دیسان توانیان گورزی بەهێز لە وولاتانی ئیسلامی بدەن و داگیریان بکەن و بەسەرخۆیاندا دابەشیان بکەن و وە سود لە زانستە ئاینیەکانیش بۆ خۆیان وەربگرن و بەرگی تری بەبەردا بکەن و بیکەن بە هی خۆیان، هەربۆیە ئێستە کە سەرنج لە هەندێك یاساکانیان دەدەین لە ڕاستیدا ئیسلامین و پێش هەموو کەس ئیسلام دایهێنانەوەو پیادەی کردووە، ئەوانیش ئەکفەرەو ئەلحەدەیان کردووە بۆ خۆیان، نمونە ئەو حەسانەی کە بە مندال دەدرێت و مافی مندالی لە ژێردا دەپارێزرێت ئاشکرایە لەسەردەمی ئیمامی عومەردا ڕەزای خوای لێ بێت داهێنرا لە ئەنجامی گریانی مندالێکدا، وەیان سیستمی پۆست و گەیاندن، لەسەروی هەموویانەوە پەرلەمان و

هەڵبژاردن لە ڕووی دیموکراسی و ئازادی خۆیانی تێدا دەردەبڕن لە ئیسلامەوە هاتووە، تەنها ناوەکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لەگەڵ هەندێك ئالیەت و شوێنی دانیشتندا، کەچی ئێستە لە ئەوانەوە بۆ ئێمە دێتەوە هێشتا ئێمەش قبوڵمان نی یە! ئەوەتا زۆرێك لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی پەرلەمان هەر بڤەیە! مافی ئافرەت کە کردوویانە بە موڵکی خۆیان ئاشکرایەو هیچ بەڵگەی ناوێت کە تا پێش ئیسلام ئافرەت چۆن دەچەوسایەوەو زیندە بەچاڵیان دەکردن، کە ئیسلام هات چۆن ئەو کەلتورەی گۆڕی و خۆشی بۆ دەکردن کە بە عەقیقە ناسراوە لە ناو مسوڵمانانندا دایهێناو تا ڕۆژی قیامەت هەر سونەتە، هەرکەس دوو کچ بەچاکی بەخێو بکات جێگە بەهەشتە پێکرد، لە هەموو کارو چالاکیە دینیەکانیشدا دەبینین ئافرەت هاوکاربووە لەگەڵ پیاوانداو هیچیش عەیب و عار نەبووە، لە پەرستنەکانیشدا لەگەڵ پیاواندا نوێژیان کردووە، بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانەکەی دەبینینەوە ئافرەت لە ڕۆژئاوا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرەو پێشبردنی وڵاتداو لە وڵاتانی ئیسلامی دەستیان ناوەتە

بینەقاقەیان بە زیندووی لە ماڵدا وەك کوژراویان لێهاتووە، پشتگیری من ڕەهایی نی یە بۆ ئافرەت وەك ئەوەی لە ڕۆژئاوا هەیەو زۆرێك لە بەرەڵایی تێکەڵ کراوەو دژی ئەو ئافرەتانەش نیم کەوا حەیای خۆیان دەپاریزن و چاودیری ماڵ دەکەن، بەڵام ئافرەت گەرتواناکانیان بخەنەگەڕ کاری زۆریان پێ دەکریت و دەتوانن لەگەڵ پیاواندا چمکێکی ژیان بەرزبکەنەوە، وەك ئاشکراشە هەندێك کار بە ئافرەت نەبێت ناکرێت لە فیقهی ئیسلامیشدا گرنگی ئافرەت بەسەر پیاودا دراوە لەو ڕوانەوە مەگەر لەبەر ناچاری و نەبوونی ئافرەت پیاوان بە مەرجەوە قبوڵ بکات.

جگە لەوەش ئا شێخ جۆرێتی بیرکردنەوەکانیش لەسەر بیرلێکەرەوە زۆرن، تەنها هەندێکیان ئاماژە پێ دەکەین وەك:

یەکەم: بیکردنەوەی ئاسای.

دووهەم: بیکردنەوەی عاتفی.

سێهەم: بیکردنەوەی لۆژیکی.

چوارهەم: بیکردنەوەی وەرزشی.
پێنجهەم: بیکردنەوەی ڕەخنەی.
شەشهەم: بیکردنەوەی داهێنان.
کات درەنگ دەبێت گەرنا باسی هەمو فکرەمانم بۆ دەکردن بە کورتی وەك:
لیبراڵی، لیبراڵی مەسیحی، لیبراڵی یەهودی، مارکس و لینین و شوعی، سەرمایەداری،میکافیللی.
دوای ئەوە یا شێخ ئێمە ئەو هەمو زانایانەمان هەبوە بنەمای هەرچجی زانستە دەتوانم بڵی ئەوان دایان ناوە، ئێم نابێت ئەوەندە بێ ئاگا بین.
شێخ: وەکو چی کام زانا بۆ نمونە، حەز دەکەم گوێبیستی ئەوانەش بم، ئەم شتانە لای من تازەیە.
عومەر عەلی: بۆ نمونە استاذ، جابر بن حيان لە زانستی کیمیا، الأسمائي لە زانستی ڕوەك و زەراعەو حەیواناتدا، الخوارزمي لە زانستی جەبرو بیرکاری و زانستی فەلەك و جوغرافیادا، الجاهز لە زانستی حەیواناتداو هەروەها زماندا، الكندي لە زانستی فەلسەفە و فیزیا، زانستی چاو و تەندروستی بە گشتی و بیرکاری و زانستی معادندا، عباس بن فرناس لە

زانستی تەقنیەی فڕۆکەوانی و جوڵەی خۆردا، ابن سینا لە زانستی طب و فەلسەفەو بیرکاری و گەردون ناسیدا، ابن نفیس لە زانستی طب و فەلسەفەو فیقە و حەدیسدا، ابو الصلت لە هەندەسەو ئەدەب و مۆسیقادا، الرازي لە طب و طوبی چاو و زانستی گەردون و فیزیادا، عبدالقادری گەیلانی لە فکری ئیسلامی وتەصەوفی ئیسلامی، الطبري لە جواننوسی و طب و ئەدەب و ریازیاتدا، ابن الهیثم لە هەندەسەو چاو و ریازیاتدا، ابن رشد لە زانستی فەلەك و طب و فەلسەفەو وە هی تریش.

جا یا شێخ ئەوە هەندێك تەنها زانای کۆن بون، ئەڵبەت زاناکانی ئێستەش یەکجار زۆرن بەڵام پەرش و بڵاون و زۆریان لەناو غەربدا تواونەتەوە لەبەر نەبونی ئومەو پەروشوبڵاوی.

شێخ: بوەست تۆ باسی مۆسیقاو سۆفیت کرد، اخ عمر مۆسیقا حەرامەو سۆفیش هەڵەیان زۆرەو شیرك دەکەن، ئێمە دەبێت خەڵکی بە ئاگا بهێنن لە گشت ئالیەتی مۆسیقاو مەترسی تەسەوف.

عومەر عەلی: یا شێخ کێشەکە ئەوەیە بۆ نمونە من ئەو هەمو زانام باسکرد لەو هەمو مەجالە فراوانەدا تەنها ئەو دو مولاحەزەتە کرد، لە کاتێکدا ئەم دوانە لاوەکین، ئەسڵ بە قەناعەتی من ئیشکردنە بۆ ئیجماع، وەك چۆن لە پێشدا ئیجماع هەبوە بۆ ئێستە نەبێت، بۆ دەبێت سەرقاڵ ببین بە شتی لاوەکیەوە ئەسڵمان لەبیر بچێتەوە، ئیجماع سێهەم سەرچاوەی ئەم شەریعەتەیە، ئەگەر زاناکانی پێش ئێمە واتە پێشین هەموو هەم و غەمێکیان ئەو شتانە بوایە ئیجماع هەر دروست نەدەبو، مۆسیقا حەرامە یان حەڵاڵە ئەوە جێگەی با هەروا وازی لێ بهێنین بۆ ڕاجیایش کەی کێشەیە ئەوە، مەسەلەی سۆفی و حەرەکەتی تەصەوفیش یا شێخ پێم وایە تۆزێك بە وردی بیربکەینەوە گوناحە بەواللەی بە سۆفی بوترێت موشریك! ئاخر یا شێخ ئەو وشە زۆر گەورەیە!

شێخ: ئەوان دەچنە سەر قەبرو هاوار دەکەن و لە دەوری دەسوڕێنەوەو قەبر پەرستی دەکەن و تۆ دەڵێی ئاگات لە دونیا نی یە، تۆ لە غەرب دەژیت ئەوانەت نەدیوە بۆیە دیفاعیان لێ دەکەیت، لە خوا بترسە، تۆ

ئەوەندە زانياريت هەيە چۆن دەبێت لەمە بێ ئاگابيت، ديارە غەرب تەئسيرى لە تۆش كردوە.

عومەر عەلى: نا يا شێخ توڕە مەبە فەرمو كەمێك ئاو بخۆ، من نمونەت بۆ دەهێنمەوە، سۆفيەكان هەمو رۆژ وەكو من و تۆ نوێژ دەكەن، ئەگەر هەر تەنها نوێژە فەرزەكانيش بكەن رۆژى ٥ نوێژ دەكەن، كۆى نوێژەكان ١٧ ركاتە، هەر ركاتێك ٢ سەجدەى تێدايە كەواتە رۆژى ٣٤ جار سوجدە بۆ خوا دەبەن، كەسێك رۆژى ٣٤جار سوجدە بۆ خوا ببات چۆن پێى دەڵێن موشريك، جگە لەوە سەردانى قەبر خۆ نا جائيز نى يە، سەرەتاى ئيسلامەتى پێغەمبەر ڕێگرى كرد لەوەى كە بچن بۆ سەر قەبر، چون خەڵكى دەيپەرست، دواتر كە مەترسيەكە نەما **فەرموى (كنت نهيتكم عن زيارة القبور فزوروها)** رواه مسلم، من دەزانم دەچنە سەر قەبرو هەندێك زيادە ڕەوى تێدا دەكەن، دەبێت ئەوەش بە نەرمى چارەبكرێت نەك حائيلێك بخرێتە بەردەم بۆ هەڵەيەك، دواى ئەوە يا شێخ پێشتر خەڵك نە شارەزابوە، ئەوان دەورى چاكى دەعوەيان گێڕاوە، بەڵام ئێستە عيلمەكان ئاسانتر لە بەردەستە ئەوانيش

خوێنەواری زۆریان تێدایەو لەمانە ئێستە چاك تێدەگەن، هەشە پیرەو تێناگات، ئەویش بەپێی فەهم و ئیمانی خۆی، جگە لەوەی لەم سەردەمی خراپەکاریەدا ڕۆحیەتی تەسەوف زۆر گرنگە ئەسڵەن پەرەی پێ بدرێت.

شێخ: تۆ دەڵێی سۆفیت، ئاوا وردەکاری دەتەویت قەناعەت بە من بکەیت لەسەریان.

عومەر عەلی: من حەزم دەکرد رۆحیەتی تەصەوفیم لە خۆمدا بەهێز بکردایە، تۆ سەیر فەلسەفەی تەصەوف یا شێخ دەڵێن: سەرەنجامی هەمو خراپەیەك دڵە، بۆیە تەرکیز دەبێت لەسەر دڵ بێت، کە دڵ چاك بو باقی جەستەش چاك دەبێت، بۆیە زوهدو عارفیەت تێیاندا قوڵە، ئەوەش ڕێك هاوتایە لەگەڵ ئەو فەرمودەی کە پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت (**ألا وإن في الجسد مضغة إذا صلحت صلح الجسد كله، وإذا فسدت فسد الجسد كله، ألا وهي القلب**) متفق عليه

شێخ: تۆ دەبێت عەقیدە بخوێنت اخ عومەر!

عومەر عەلی: یا شێخ بڕوا دەکەیت مەتنی ئەو عەقیدەی کە تۆ دەیڵێی هەمویم لەبەرە، مەبەستی من یا

شیخ گیان ئەوە نی یە سۆفیەکان هەڵەیان نی یە، ئەسڵەن بڕوام هەیە دەستی ناحەزی ئیسلامیش لەناو ئەم حەرەکەتانەدا هەیەو ناوی سۆفی بەکار دەهێنن، کۆی قسەکانی من ئەوەیە نابێت بۆ هەڵەیەك ئەو جیاکاری و دابەشبونە دروست ببێت، تۆ سەیر لە حەدیسێکدا پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت **(المسلم الذی یخالط الناس ویصبر علی اذا هم خیر من المسلم الذی لا یخالط الناس ولا یصبر علی أذاهم)**[1] ئێ تێکەڵی ئەزیەتی تێدایە، ئەزیەتەکەشی ئەوەیە تەحامولی یەکتر بکەین، خۆ بۆ رەهبانیەت لە ئیسلامدا نەما، گەر وابێت ئیجماع چۆن دروست دەبێت کەس تەحامولی ئەوی تر نەکات.

شێخ: دڵم خۆش بو تۆ سۆفی نیت، سۆفیەکان حەدیسیان لەبەر نی یە، هەر خەو دەگێڕنەوە.

عومەر عەلی: حەزناکەم لەسەر ئەم مەسەلە زۆر بڕۆین، یا شیخ من هاوڕێی سۆفیم هەیە هەر بە حەدیس قسە دەکات، هەتا گرنگی زۆریش بە علومی

---

[1] السلسلة الصحيحة" 2 / 652

حەدیس دەدەن، وەك وتم خوێندەواری دینی پەرەی سەندوە.

شێخ: کوا کەی ئەوان ئیش بە دەلیل دەکەن، ئەگەر ئەوان کار لەسەر تەزکیەی نەفس بکەن باشە، بەڵام ئەوان ئەسڵەن ئێمە بە گومڕا دەزانن و دژایەتی زۆرمان دەکەن، هەتا جوێن و وشەی زۆر خراپ و نەشیاویش بەکار دەهێنن، ئەگەر کەسێك تەزکیەی نەفسی کردبێت جوێن بە دەمیدا دێت؟ **(ليس المؤمن بالطعان، ولا اللعان، ولا الفاحش، ولا البذيء)** رواه **الترمذي.**

عومەر عەلی: ناڵێم نی یە یا شێخ، بەڵام بە قەناعەتی من ئەوانە نەخوێندەوارەکانە، گەرنا ئێستە خەڵکی زیاتر چاوکراوەیە، کتێبەکان لەبەردەستە، بە ئاسانی دەتوانرێت بگەڕێینەوە سەریان.

شێخ: ئەسڵەن ئەوان لەگەڵ شیعەدا جیاوازیەکی وایان نی یە، شیعە بۆیان بکرێت ماڵی خواش دەڕوخێنن، هەمو ساڵێك گەر ڕێگریان لێ نەکرێت پشێوی و کێشە دروست دەکەن لە حەرەمدا، وە لەناو حەرەمیشدا هەر

هاوار دەکەنە ئیمامی عەلی و واز لەو عەقیدە پوچە ناهێنن.

عومەر عەلی: من قەناعەتم وایە یا شێخ تەعامولی سونەش لەگەڵ شیعەدا زۆر نا تەندروستە، چون دەسەڵات و سستمی حوکم لەگەڵ خەلکی عەوامدا تێکەڵ دەکات، خۆ وڵاتانی سونە نشینین حوکمەکانیان هەر چەوتە بەڵام خەڵکی ئاسایی بڵێ چی! گەر لەسەرەوە کارەکان خراپ بو هەردەم دادەبەزێت بۆ خوارەوەش، نابینی وڵاتانی سونە نشینیش چەند تەفرەقەو گروپ گروپی تیایە، بۆیە لە ئیسلامدا حوکم گرنگە چون ئاسان سەیتەرە دەکات بەسەر ئەو پشێویەدا.

شێخ: لا اخ عومەر تۆ باسی حوکم مەکە ئەوان عەقیدەیان پوچە!

عومەر عەلی: یا شێخ چۆن باسی حوکم نەکەم لە قورئاندا لە دەیان جێگەدا باسی حوکم و گرنگی حوکم دەکات، بۆ نمونە:

1. **إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ يَقُصُّ الْحَقَّ وَهُوَ خَيْرُ الْفَاصِلِينَ**

﴿٥٧ الأنعام﴾

حوکم و فەرمانڕەوایی (هەمووشت) هەر بەدەست خوایە، ئەو زاتە ڕاستی و حەقیقەتەکان دەخاتە ڕوو، چاکترین جیاکەرەوەشە (لە نێوان حەق و بەتاڵدا).

2. **أَلَا لَهُ الْحُكْمُ وَهُوَ أَسْرَعُ الْحَاسِبِينَ** ﴿٦٢ الأنعام﴾

ئاگاداربن کە حوکم و فەرمانڕەوایی هەر بەدەست ئەوەو ئەو زاتە خێراو لەماوەیەکی کەمدا لە هەمووان دەپرسێتەوە.

3. **إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ** ﴿٤٠ یوسف﴾

بەڕاستی حوکم و فەرمانڕەوایی جگە لە خوا شایستەی کەسی تر نی یە، فەرمانیشی داوە جگە لە خۆی کەسی تر نەپەرستن.

4. **إِنِ الْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَعَلَيْهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُتَوَكِّلُونَ** ﴿٦٧ یوسف﴾

هیچ فەرمان و بڕیارێک بۆ کەس نی یە، تەنها بۆ خوا نەبێت، پشتم هەر بەو بەستووە و پشت و پەنام هەر ئەوە، جا دەبا ئەوانەی کە پاڵپشت و پشتیوانیان دەوێت هەر پشت بەو ببەستن.

5. **يَا يَحْيَىٰ خُذِ الْكِتَابَ بِقُوَّةٍ وَآتَيْنَاهُ الْحُكْمَ صَبِيًّا** ﴿١٢ مریم﴾

ئەی یەحیا کتێبی (تەورات) بەتوندی بگرەو پابەندی بەو هەر لە تەمەنی نەوجەوانیدا، توانای جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاستمان پێبەخشی، بە دادوەرێکی ڕێک و پێک کێشەی خەڵکەکەی چارەسەر دەکرد.

6. **لَهُ الْحَمْدُ فِي الْأُولَىٰ وَالْآخِرَةِ وَلَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ** ﴿٧٠ القصص﴾

سوپاس و ستایش لە سەرەتا و کۆتاییدا، لە دنیا و قیامەتدا، هەر شایستەی ئەوە، حوکم و فەرمانرەوایش هەر بەدەست ئەوە، هەر بۆلای ئەویش دەبرێنەوە .

7. **كُلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ** ﴿٨٨ القصص﴾

هەرچی شت هەیە تیاچووە لەناوچووە جگە لەو زاتە، فەرمانڕەوایی هەر شایستەی ئەوە، هەموانیش هەر بۆ لای ئەو دەبرێنەوە.

8. **فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ** ﴿١١٣ البقرة﴾

خوایش لە ڕۆژی قیامەتدا دادگایی نێوانیان دەکات لەوەی کە ناکۆکن تیایدا.

9. **وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ** ﴿٢١٣ البقرة﴾

پێغەمبەرانی ڕەوانەکرد، تا مژدەدەرو ترسێنەربن هاوڕێ لەگەڵ کتێبی ئاسمانیدا، بۆ ڕوون کردنەوەی حەق و ڕاستی، تا لەنێوان خەڵکیدا فەرمانڕەوایی و دادوەری ئەنجام بدات لەسەر ئەو شتانەی کە بۆتە کێشەیان و ڕاو بۆچوونیان لەسەری.

10. **فَاللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ** ﴿١٤١ النساء﴾

خوا لە ڕۆژی قیامەتدا دادوەریی دەکات لە نێوانتاندا.

11. **إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ** ﴿١ المائدة﴾

بەڕاستی خوای گەورە فەرمان دەدات بە هەر شتێک کە بیەوێت.

12. **وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ** ﴿٤٤ المائدة﴾

ئەوەی حوکم و داوەری بەو بەرنامەیە نەکات کە خوا دایبەزاندووە، ئائەوانە بێ باوەڕن.

13. **وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ** ﴿٤٥ المائدة﴾

بێگومان ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندوە، ئائەوانە هەر ستەمکارن.

14. **وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنْزَلَ اللَّهُ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ** ﴿٤٧ المائدة﴾

ئەوەی حوکم و داوەری نەکات بەو بەرنامەیەی کە خوا دایبەزاندوە، جا ئا ئەوانە ناپاک و تاوانبارو لە سنوور دەرچوون.

15. **يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِنْكُمْ** ﴿٩٥ المائدة﴾

دووکەسی شارەزای دادپەروەر لە خۆتان بیدەن.

16. **فَاصْبِرُوا حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ** ﴿٨٧ الأعراف﴾

چاوەڕێ بن هەتا خوا خۆی داوەری دەکات لە نێوانمانداو هەر ئەو زاتە خۆی چاکترینی دادوەرانە.

17. **وَاتَّبِعْ مَا يُوحَىٰ إِلَيْكَ وَاصْبِرْ حَتَّىٰ يَحْكُمَ اللَّهُ** ﴿١٠٩ يونس﴾

تۆ (ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) هەر شوێنی ئەو (بەرنامەیە) بکەوە کە لە ڕێگەی وەحی و نیگاوە بە تۆ دەگات و ئارامگرو خۆگربە (لەبەرامبەر هەر

کێشەیەکەوە کە خوانەناسان بۆت پێش دەهێنن) هەتا خوا خۆی داوەری دەکات و ئەو زاتە چاکترین و دادپەروەرترینی دادوەرانە.

18. **فَلَنْ أَبْرَحَ الْأَرْضَ حَتَّىٰ يَأْذَنَ لِي أَبِي أَوْ يَحْكُمَ اللَّهُ لِي وَهُوَ خَيْرُالْحَاكِمِينَ** ﴿٨٠ يوسف﴾

ئەم سەر زەمین و وڵاتە بەجێ ناهێڵم هەتا باوکم مۆڵەتم دەدات، یاخود خوا فەرمانێك بدات لە قازانجم بێت، ئەو زاتەش چاکترینی دادوەرانە.

19. **وَاللَّهُ يَحْكُمُ لَا مُعَقِّبَ لِحُكْمِهِ وَهُوَ سَرِيعُ الْحِسَابِ** ﴿٤١ الرعد﴾

خوا خۆی داوەریی دەکات و (گۆڕانکاریەکان تاوتۆی دەکات)، کەس ناتوانێت موحاسەبەی بکات و کۆسپ و تەگەرە بهێنێتە ڕێی وئەوزاتە زۆر بەخێرایی هەموو شتێك تاوتۆی دەکات و لە هەمووان دەپرسێتەوە.

20. **فَيَنْسَخُ اللَّهُ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ ثُمَّ يُحْكِمُ اللَّهُ آيَاتِهِ** ﴿٥٢ الحج﴾

شتی نابەجێی تێکەڵ بەئاواتەکەی کردووە، ئینجا خوایش فریای کەوتووە و ئەوەی شەیتان فڕێی داوەتە

نا ئاواتەکەیەوە، سڕیویەتیوە، لەوەودوا خوای گەورە ئایەت و فەرمانەکەی خۆی چەسپاو دامەزراو کردووە.

21. **الْمُلْكُ يَوْمَئِذٍ لِلَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ** ﴿٥٦ الحج﴾

ئەو ڕۆژە پاشایەتی و دەسەڵات تەنها بە دەست خوایە و فەرمانڕەوای لە نێوانیاندا دەکات.

22. **اللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ** ﴿٦٩ الحج﴾

هەر خوا خۆی لە ڕۆژی قیامەتدا داوەری دەکات لە نێوانتاندا لەسەر ئەو شتانەی کە ئێوە کێشە و جیاوازیتان لەسەر دەکرد (لەوێ ڕاستیەکان بەتەواوی دەردەکەوێت).

23. **إِنَّ اللَّهَ يَحْكُمُ بَيْنَهُمْ فِي مَا هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ** ﴿٣ الزمر﴾

بێگومان خوا داوەری دەکات لە نێوانیاندا، لەو شتانەدا کە کێشەیان لەسەری هەیەو ڕایان دەربارەی جۆراو جۆرە.

24. **ذَٰلِكُمْ حُكْمُ اللَّهِ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ** ﴿١٠ الممتحنة﴾

ئائەوە حوکم و فەرمانی خوایە، کە خۆی فەرمانڕەوایی دەکات لە نێوانتاندا، خوای گەورەش هەمیشە زانا و دانایە.

شێخ: اخ عومەر تۆ کەسێکی سیاسیت نەك دینی، وا ئەو هەمو بەڵگەت لەبەرە!

عومەر عەلی: استاذ گیان ئەو دەقانە خۆ هەموی قورئان بو، تۆ خوێندوەت بۆیان چی یە، خۆ مەوزوعی سیاسی و نا سیاسی شتێکی دروستکراوە گەرنا دین گشتگیرە ئەی وا نی یە؟

شێخ: بەڵێ راستە بەڵام مەسەلەی حوکم و حوکمڕانی بەو شێوەیە نی یە ئێستە باس دەکرێت، زیاتر حەرەکەتە سیاسیە دینیەکان زەقی دەکەنەوەو دەیانەوێت پشێوی دروست بکەن و موزاهەرەو ئەو شتانە، ئێمە دەبێت پشتی حاکمەکانی خۆمان بگرین و ئەگەر هەڵەیەکیشیان هەبو ڕوبەڕو پێیان بڵێین.

عومەر عەلی: مەسەلەی حوکم لە دو حاڵەت بەدەر نی یە، یان وەك عەقیدە دەبێت حسابی بۆ بکەین کە لادان لێی ئەوە کوفرەو وەك دەقەکان باسی لێوە دەکەن، یان ئەوەتا بەو شێوەیەش سەیری نەکەیت بەلانی کەمەوە

لادان لێی تاوانی گەورەیەو کەبائیرە، کە نابێت بێدەنگی هەڵبژێردرێت بەرانبەری، چون بێدەنگی نیشانی ڕازی بونە.

شێخ: بیرۆکەیەکم بۆ هات اخ عومەر، دەڵێی چی ئەگەر تەرحی بکەم؟

عومەر عەلی: لە خزمەتتاندام یا شێخ بڵێ.

شێخ: ئەگەر بەلاتەوە باش بێت تەرحی دەکەم تۆ وەك ڕاوێژکار لێرە کار بکەیت.

عومەر عەلی: یا شێخ من هەرچەند تۆ وتت کەسێکی سیاسیت بەڵام من کەسێکی سیاسی نیم، حەزیش لە بواری سیاسەت ناکەم، گەر حەزم لە سیاسەت بکردایە علوم سیاسەم دەخوێند، نەك شەرع و دواتر بواری زمان و ئەدەب.

شێخ: دەکرێت خزمەت بکەیت و ئێمەش پێمان خۆشە کەسانی وەك ئێوە دونیا دیدەو وەعی لێمانەوە نزیك بێت.

عومەر عەلی: هیوادارم یا شێخ ئەو دو بوارەی کە من مەبەستم بو لەم سەفەرەدا بێتە دی، چون هەردوکی فەراغەو خزمەتە ئەگەر خزمەتتان دەوێت، گەر

حەزیش لە فراوانکردنی بکەن، کورسی زیاترمان بدەنێ لە زانکۆو تا کەسی زۆرترتان بۆ بنێریت، گەر لە مەجالەکانی تریشدا هەر کورسیمان بدەنێ دەتوانین لە کوردستانیەشەوە تەلەبەتان بۆ بنێرین، گەر هاوکاربن و کولفەکەی بگرنە ئەستۆ، چون لای ئێمە هەم کێشەی دارایی هەیە ئەڵبەت وەك خەڵك مەبەستم، وە هەمیش کێشەی سستمی بانک کە ڕێگرە بۆ قوتابی.

شێخ: من تەلەفۆنت بۆ دەکەمەوەو هەرچی بکرێت بۆتانی دەکەین.

عومەر عەلی: دەی من کاتتان ناگرم زیاترو پەیوەندیمان دەبێت، هیوادارم تا لە سعودیەدام هەواڵەکەم بە بەڵێ یان نەخێر بدەنەوە، چون ئەگەر ویستان بمبیننەوە دەتوانین بەڵام کە سەفەرم کردەوە زەحمەتە، چون سەرقاڵم و سەفەری ئوردنیشم هەیە پێش بەریتانیا.

دوای ٢ ڕۆژ

شێخ: السلام علیکم اخ عومەر.

عومەر عەلی: وعلیکم السلام یا شیخ.

شێخ: دیراسەی داواکاریەکەمان کرد ببورە لەوەی ناتوانین هیچت بۆ بکەین!

عومەر عەلی: گرنگ ئەوەیە استاذ گیان من ئەوەی لەسەرم بو پێم گەیاندن، داواکاریەکەش بۆ شەخسی خۆم نی یە، خۆزگە وردتر دیراسەتان دەکرد لەوەی ئایە کەسێك بێتە بەردەستی خۆتان و بخوێنێت و دواتر بگەڕێتەوە چ زیانێك لەوەدایە، دوای ئەوە ئەو سەرچاوانەی کە من دەمویست بۆ کاری دەعوە خۆ خۆتان نوسیوتانە لەگەڵ ئەوەیە دەکرێت مولاحەزەشم لەسەری هەبێت بەڵام هەر پێم چاکترینە بۆ ئەو کارە، بەجۆرێکی تر من بڵاوکراوەکانی ئێوە بڵاو دەکەمەوە نازانم بۆ خوێندنەوەی تری بۆ بکرێت، بەهەرحاڵ من مەمنونی تۆم و لوتفت نواند، ئیتر بڕیارەکەش لە نێوانی خۆتان و خوای گەورەدا دەمێنێتەوە، من هەر ئەوەندە توانام هەبو بەڵام توانای ئێوە زیاترە وەك خۆت وتت.

شێخ: واللە اخ عومەر تۆ راست دەکەیت بەڵام بلێم چی، لەگەڵ کەسانی تردا قسە بکە، بڕۆ بۆ زانکۆی مەدینەش، سا بەڵکو شتێکت بۆ بکەن.

عومەر عەلی: بێگومان وا دەکەم، جزاك الله خيرا استاذ گیان.
شێخ: خوای گەورە لە پشتت بێت اخ عومەر.
دوای چەند رۆژێك لە ڕیازی پایتەختی سعودیە، دەعوەتم لە هوتێل الراجحی بۆ ساڵیادی موئەسسەسەیەکی دەعەوی لەگەڵ دوبرای زۆر بەڕێزی کورددا، کە تەنسیقمان هەبو پێشتر پێکەوە، هەردوکیان دکتۆرایان لە بواری شەریعەدا هەیە، زۆر دڵسۆزن و کاری چاك دەکەن بە تایبەت لە بڵاوکراوە شەرعیەکان بە زمانی کوردی لە سعودیە بۆ حاجیان و وە زۆری تریش.
دوای دانیشتن و هەڵسەنگاندی کارەکان، بەم شێوەیە بە دەم نان خوادن و گفتوگۆوە بەم شێوە دەستمان پێکرد.
عومەر عەلی: براینە ئێمە لە ئەوروپا فەراغی سەرچاوەی شەرعیمان هەیە بە زمانە جیاوازەکان، ئینگلیزی و عەرەبی، کێشەمان نی یە سەرچاوە زۆرە بەڵام زمانەکانی تر پێویستیەو فەراغە.
**دکتۆر ئومێد چروستانی**: یا شێخ پێشتر لەگەڵ برای خۆمدا عومەر عەلی قسەم کردوەو لەماڵی خۆمان بو،

دەکرێت گرنگی بەم بوارە بدرێت و فراوان بکرێت، تا فەراغی ئەوانیش پڕ بکاتەوە.

شێخ: واللە ئێمە زۆر خۆشحاڵین کە بەو شێوەیە پێشوازی هەبێت و هەوڵ دەدەین زۆر گرنگی پێ بدەین.

**دکتۆر پشتیوان سابیر**: ئێمە خۆ کاری باشمان کردوە لە سایتەکەداو خۆشت ئاگاداریت و هەتا بڵاوکراوەی خۆشتی تێدایە.

عومەر عەلی: ئێستە دونیای ئەنتەرنێت زۆر گرنگی خۆی هەیەو هیوادارم ئێوە فراوانی بکەن، چون ئەو سایتە دەکرێت وەك سەرچاوە بەکاری بهێنین، چون گەر سەرنج بدەن چەندین سایتی و ئیعلامی گوماناوی هەیە هەتا بەناوی ئیسلامەوە بڵاوکراوە بڵاو دەکەنەوەو ناوەرۆکەکەی شتی ناشەرعی تێ دەکەن، ئێوە گەر ئەم کارە بکەن بۆ ئێمە جێگەی سیقەیە، ناونیشانەکەی بە عەرەبی یان کوردی یان ئینگلیزی هەبێت، ئەوسا ئیتر زمانەکە با نەشزانین تەئمینین لەوەیە کارەکە کارێکی پوختی دینی و جێگەی متمانەیە.

هەمویان پێکەوە: پشت بەخوای گەورە وا دەکەین.

دەستخۆشتیان لێ دەکەم و ئیتر بەم شێوەیەش ڕزگارمان دەبێت لە پۆستی کتێب و ئەزیەت، خوای گەورە خێرتان بنوسێت.

ئەمەش سایتەکەیە ئێستە بە ١١٤ زمانی جیهان بڵاوکراوەی تێدایەو زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی لە ڕیزبەندی ئەو زمانانەدایە، فەزڵەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کوردە بەڕێزانە کە خۆبەخشی و بێ ماندوبون کاریان تێدا کردوە لە بواری کوردیەکەدا، هەروەها سەدان خۆبەخشی تر لە زمانەکانی تردا. پێگەکەش ناویماڵی ئیسلام، ئیسلام هاوس.

**https://islamhouse.com**

دوای چەند رۆژ لە زانکۆی مەدینە لە شاری مەدینە

عومەر عەلی: السلام علیکم شێخ

شیخ: وعلیکم السلام فەرمو دانیشە یاخوا بەخێربێیت.

عومەر عەلی: استاذ سەرم زۆر ئێشاوە بۆ کارێك و تا ئێستە هیچم بۆ نەکراوە.

شێخ: تۆ بڵێ و من لە خزمەتتاندام هەرچی بە ئێمە بکرێت و گونجاو بێت.

عومەر عەلی: رۆشتمە جامعیە ام القری، لەگەڵ زۆر کەسی تریش قسەم کردوە، دەمەوێت ساڵانە کورسیمان پێ بدەن بۆ قوتابی لە ئەوروپاوە بینێرن بۆ ئێرە بۆ خوێندنی شەریعەو دواتر گەڕانەوەی بۆ ئەوروپاو دەعوەکردن.

شیخ: فەرمو ئەمە ڕێنوماییەکانە بیخوێنەرەوە.

دوای خوێندنەوەی

عومەر عەلی: استاذ گیان من دەمەوێت حسابێکی تایبەتمان بۆ بکەن، شروطی قبوڵ زۆر قورسە لێرە، یەعنی ئەم هەمو تاقیکردنەوە بۆ کەسێك لە بەریتانیاوە زمانی عەرەبی نازانێت یان زۆر لاوازە ناکرێت، ئەسڵەن بۆیە من دەیاننێرم فێری زمانی عەرەبی و شەرعەکە بن.

شێخ: دەی ناگونجێت و ناتوانین، وە زمانیشی لاواز بێت چۆن دەکرێت.

عومەر عەلی: استاذ گیان دەکریت، من کە ڕۆشتمە خوێندنی شەریعەو قانون زمانم نەدەزانی، هەموی ٣ مانگی پێ نەچو فێربوم، دواتر نەگەشتە ٦ مانگ تەلەبەیەك کە ئاستی لاوازبوایە دەیانخستە پاڵ من

داوایان لێ دەکردم کە یارمەتی دەری بم، ئەمە بۆ؟ چون من مەبەستم بو، ئەوانەش کە من دەیاننێرم بۆ ئێرە مەبەستیانە فێربن، گەرنا خۆ شەهادە بەلایانەوە گرنگ نی یە.

شێخ: چۆن شەهادە بەلایانەوە گرنگ نی یە.

عومەر عەلی: حەز دەکەیت تۆ یارمەتیمان بدە لە وەرگرتنیان و زەمالەت کردنیان، شەهادەیان هەر پێ مەدەن، ئەوان شەهادەیان مەبەست بێت لە زانکۆکانی بەریتانیا بۆ شەهادە دەخوێنن، دوای ئەوە دەکرێت ئێوە چاو لە وڵاتە پێشکەوتوەکان بکەن، ئەوان ئاسانکاری دەکەن لە وەرگرتنی قوتابیدا، بەڵام دواتر لە زانکۆدا ئاسانکاری ناکەن لە دەرچونی، پێچەوانەی وڵاتانی شەرقی، کە قوتابی دەکوژن تا لە زانکۆ وەرگیرێت دواتر زانکۆش هیچ فێرنابێت، وە ئەوان بۆ دامەزراندنیش سەختگیری دەکەن و ئەم هەمو تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندە ئیوە بۆ وەرگرتن لە زانکۆ دەیکەن ئەوان بۆ ئیش دەیکەن، بۆیە دەبینی ئەوان سەرکەوتوترن.

شێخ:اخ عومەر تۆ راست دەکەیت، ئەڵبەت منیش پێم باشە بەو شێوەیە بێت، هەیە مامۆستایەو مستەوای نی یە، هەر باریشە بەسەر حکومەتەوە.

عومەر عەلی: ئەڵبەت من پێم خۆش نی یە باسی حکومەت بکەم، بەڵام تۆ باستکرد، بەڵام هەموی خەتای حکومەتە، چون سستمەکە حکومەت لێی بەرپرسیارە، کەسێك مستەوای نەبێت با فەسڵی بکەن، لەسەر بنەمای توانا ئیش بدەن نەك هەر بە شەهادەو بەبێ توانا، ئەوە وڵاتی ئێمەش وایە، جا چون توانا لەبەرچاو ناگیرێت و دواتر مومارەسەی توانا ناکرێت هەرکەس بۆی بلوێت بەهەر شێوەیەك بێت شەهادە بەدەست بهێنێت دەیکات، چون دڵنیایە دواتر هەر وەرەقەکە لای حکومەت دەخوات و عیلمەکەی ناوێت، جا ئەگەر عیلمەکەی بویستایە ئەوسا بەو شێوە نادروستە هەوڵی شەهادە نەدەدرا، من چەندەها دەرچوی شەریعە دەناسم ناتوانێت وتارێك بدات، ناتوانێت مەوزوعێکی شەرعی حەل بکات، ئەسڵەن هەر پێوەی دیار نی یە ئەو کەسە شەرعزان بێت، ئەی ئیتر ئەو شەهادە سودی چی یە بۆ ئەو کەسە!

شێخ: زۆر راستە اخ عومەر ئەمانە دەبێت بە مروری زەمەن چارە بکرێت، شکۆ بۆ زانست بگەڕێتەوە نەك بۆ وەرەقەیەکی بێ ناوەرۆك، زاناکانی پێشین چ شەهادەیەکیان هەبوە، بەڵام ئەوە زانستەکەیان بوە ئێستە بەناو دکتۆراکانیش هەر لێی تێناگەن.

عومەر عەلی: من سوپاسی تۆ دەکەم و وەختت ناگرم، پەیامەم گەشت و لە ئێوەش تێگەشتم.

شێخ: پێم خۆش دەبو لیقایەکمان رێك بخستایەو لەگەڵ دکتۆرەکانی زانکۆدا ئەم باسە بە کراوەیی باس بکردایە، گومانم نی یە ئەزمونی ئێوەو ئەو بەراوردکاریەی کە لاتانە سودی دەبو، ئەوسا ئێمەش سودمان لێ وەردەگرت.


عومەر عەلی: سبەی سەفەری ئوردنم هەیەو لەوێشوە بۆ بەریتانیا گەرنا خۆشحاڵ دەبوم.

پوختەی باس: لە ڕێگەی پەیوەندیەکانەوە دەکرێت ئامانجی گەورەو لێتێگەشتنی باشتر دروستبکرێت، بە مەرجێك پەیوەندیەکان بە حیزبی و شەخسی نەکرێت و بۆ بەرچاوی کامیرا نەبێت.

دەكرێت لە ئاستی شەخسیدا ئینجازی گەورە بەدەست بكەوێت دواتر بە قازانجی كۆمەڵگەدا بشكێتەوە.

**كۆتایی:**

گەر بە ڕێكخراوەیی كاربكرێت و گرنگی بە پەیوەندی وڵاتان بدرێت ئەوسا دەكرێت چەندین سودی جۆربەجۆری لێوە بەدەست بهێنرێت، مەبەست لەم پەیوەندیە هەر كۆمەڵێك بۆ هەركارێك دەكرێت لەم ڕێگەیەوە كارەكانی فراوان بكات.


گەر بە ڕێکخراوەیی
کاربکرێت و گرنگی بە
پەیوەندی وڵاتان بدرێت
ئەوسا دەکرێت چەندین
سودی جۆربەجۆری لێوە
بەدەست بهێنرێت،
مەبەست لەم پەیوەندیە هەر
کۆمەڵێك بۆ هەرکارێك
دەکرێت لەم ڕێگەیەوە
کارەکانی فراوان بکات.
قیبلە
د. عومەر عەلی
٢٠١٩
ISBN: 978-1-68454-167-6